
شیعر

# ڕوانینەکانی چاوی شەقام



جەلالی میرزا کەریم

جەلالی میرزا کەریم
ڕوانینەکانی چاوی شەقام

شیعر

# ڕوانینەکانی چاوی شەقام

جەلالی میرزا کەریم

ناوی کتێب: ڕوانینەکانی چاوی شەقام
بابەت: شیعر
پیتچن: یاد سەباح ڕەنجدەر
نەخشەسازی ناوەرۆك و بەرگ: جەوهەر فەتاح
هەڵەگر: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
چاپ: چاپی ئەلیکترۆنی، ٢٠١٨

**تێبینی**

ساڵی **١٩٧٨** یەکەم شیعری ئەم داهێنەرەم لە ئەرشیفی خۆم یاداشت کرد، لەم ساتەی ئەم تێبینییە دەنووسم چل ساڵی پڕە لە هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێکدا شیعریم بینیبێت یادشتم کردووە. لە یادی بیست و پێنج ساڵ تێپەڕبوون بەسەر کۆچی: **١٩٩٣/١/١٤** ئەم بەشە شیعرەی لای من کۆبووەتەوە وەك کتێبێکی ئەلکترۆنی بڵاوی دەکەمەوە. داواش لە بنەماڵەکەی دەکەم خەمساردی لە چاپکردنی سەرجەم شیعرەکانی درێژە نەکێشێ.

سەباح ڕەنجدەر
١٩٩٣/١/١٤ هەولێر

# ڕێگا دوورەکانی چاومان

شیعر و هونەری واقیعی، ئاراستەیەکی واتادارن بۆ ژیان و لەسەر ڕێوشوێنی بینینی شتەکاندا بنیاد نراون و بەڕێوەدەچن. جوان کارکردن ئەو قەناعەتە پەیدا دەکات و دووپاتی دەکاتەوە، واقیع بە هیچ شێوەیەك بارێکی نەگۆڕ و جێگیر نییە. هەندێك جار کتوپڕ گۆڕانێکی گشتگیر وەردەگرێت، لەم بارەیاندا دەستەبژێر داڕێژەری بنەمای ئەم دۆخگۆڕینەن. هەندێك جاری دیش دۆخێکی سست و ناچالاك وەردەگرێت. لەو بارەیاندا زۆرینەی جەماوەر ڕۆڵ دەبینن. دەبێت پرسیار لەو ئەدەبە بکرێت، کە بە مەبەستی ئاکاری واقیع و بزووتنەوەی واقیع دەنووسرێت، یان بارودۆخ، جا چ بارودۆخی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، یان ئایینی .... تاد، بەرهەمی دەهێنێت. هەست و نەستیش لەگەڵ بارگۆڕینی واقیع بەرز دەبنەوە و دادەکەون، جۆرێك هەژان وەردەگرن و لە ئەنجامدا هەوڵدەدەن پەیوەندیی بە شتێکی نادیار و نەدۆزراوەوە بکەن. ئەمیش گەردوون و بوونی خودایە. واقیع و خەیاڵ دوو ئاراستەی پێچەوانە نین و جیاکاریی نێوانیان جیاکارییەکی زۆر نییە، چونکە خەیاڵیش بەشێك لە واقیعی تێدایە و واقیع ئاراستەی دەکات بۆ بەرزبوونەوە و گەیشتن بە کانگای خەملین.

شتەکانی واقیع دیار و بیندراون، شتەکانی ناوەوەی مرۆڤیش نادیار و نەبیندراون، بە جێگۆڕکێکردنی بیندراو و نەبیندراوەکان دۆخی شیعری بۆ شاعیر دروست دەبێت، بیندراو

و نەبینـدراوەکان ئاراسـتەی هەسـت بـە شـتـکـردنی وەردەگـرن، پرسـیارێك دێتـە ئـاراوە دانەپەیڤ و کەرەستەکانی واقیع لـە چ مەودایەکـدا دێـن و بـۆ چ مەودایـەك دەچـن و چ مەودایەکیـش لـە شـیعردا دەکەنـەوە. هەمـوو شـاعیرێك بەسـەرچاوەیەکەوە کاریگـەرە. ئایـە بـۆ ئـەو سـەرچاوەیە دەگـەڕێتەوە، کـە شـاعیر پێـی کاریگـەر بـووە، یـان ئاراسـتەیەکی دی وەردەگرێت.

ئـەم شـاعیرە لـە قۆناخـی حەفتایەکانـی شـیعری نوێـی کوردیـدا گـوڕێکـی بەخشـندە بـوو، ئـەوەی لـە ئەزموونیـدا خەسـڵەتێکی بەهێـز و دیـارە و سـەرنج پـڕ مـەودا و قـووڵ دەکاتـەوە، کـەم و دەگمـەن کێـش و سـەروا دەمێنـن. کێش و سـەرواش دەنگـەکان ڕێکدەخات و دەورێکـی کاریگـەر وەردەگرێـت بـۆ فراوانکردنـی مانـا. هەمـوو ڕسـتەیەکی شـیعری کێشـی تێدایـە، بـەڵام هەمـوو کێشـەکان دیـاری نەکـراون بـۆ پێوانەکـردن. ترپـە و ئاوازیـش لـە کاتـی گۆکردنـدا دەردەکـەوێت. بـە چوونـە ناویەکـی ترپـە و ئـاوازی گـەرم و ڕەگـەزە بنیادنەرەکانـی زمـان، مۆسـیقایەك دادەهێنێـت خـوڕ و سـەرپەڕ. وردە دەمـارە قووڵەکانـی هەسـت لـە مرۆڤـدا دەدۆزرێتـەوە و پـڕ خوێنـی دەکات بـۆ بزوانـدن. وا لـە مـرۆڤ دەکات لـە شـوێنی خـۆی هەسـتێت و هـەوڵ بـدات شـوێن بگـۆڕێت. ترپـە و ئـاواز لـەم شـوێنگۆڕکێیەدا وەردەگرێت. ترپـە و ئاوازێکـی بـە جـۆش بەسـەر گیـان و دڵـی وێنەکانـدا دەڕێژێت. گیـان و دڵـەکان دەجمێـن و ئامـادە دەبـن بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوە و نیشـتەجێبوون لـە ناوچـەی شـیعر و واقیعـی زینـدوودا. مۆسـیقاش هاوسـەنگ دەبێـت بـە واتـا. مۆسـیقا لـە ڕستەدا بنیادێکـە بـۆ بەخشـینی چێـژ، بـەڵام وێنـە لـە جەسـتەی

دەقدا بنیادێکە بۆ بەرجەستەکردنی مانا.

لە باری مانابیییەوە بە دووربینییەوە دەڕوانێتە کێشە و گرفتی مرۆڤی ولاّتەکەی، وەك کێشە و گرفتی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئایینی .... تاد، نەك کێشە و گرفتی مرۆڤی، کە تاکی کورد لە ساتی لە ناخ ڕامان و هێوریدا هۆشیاریی خۆی تێدا بدۆزێتەوە. لە ناخ ڕامان لای مرۆڤی هەستیار پەیمانی ئومێدە. نموونە: وەك لە شیعری: (نەخشەی خەونەکان)، یان لە شیعری: (لە کوێم)، یان لە شیعری: (چرپەی ژانێکی نوقمبوو) یان، لە شیعری: (گریە شیعر) دەردەکەوێت.

بیندراو و نەبیندراو لەناو ئومێددا بوونیان هەیە. هەموو ڕاستییە بیندراوەکانیش ڕاستییەکی شاراوەی دیکەی تێدایە بۆ مانادان بە گیان، کە گیان هەمیشە بوونێکی نادیارە، پەرجووی هێزێکی دەوێ بۆ فۆرم پێدانێکی ئەفسوونی. شیعر، کە دەبێتە تێڕامان بەرانبەر بە بوون، گیان بەهۆی دەسەلاّتی زمانەوە فۆرمی ئەفسوونی وەردەگرێت. کەرەستەی سەرەکی دەرخستنی، ڕەگەزە هونەرییەکان لە شیعردا زمان و پێکهاتەی زمانە. بوونەوەر خستنە ناو ئەو فۆرمە ئەفسوونییە، مرۆڤ تێیدا لە پێناو ناسینی ڕاستیدا هەوڵی لێکدانەوەی شتەکان دەدات، ئەو ڕاستییە شاراوەیەی لەناو ڕاستیی بیندراودا دەناسرێت.

وێنە و تۆڕی چاو توانای فراوانبوونەوەیەکی کاریگەرییان لێ پەیدا دەبێت و دێنە ڕوو بۆ بەکارخستنی زمان و دیارخستنی واتا و سەقامگیرکردنی وێنە. لە هەندێك باردا و ناسەقامگیرکردنی لە هەندێك باری دیکەدا. بنیادنانی

پەیوەندییەکی فرە ڕوخساریش لە ئاستی داهێنانی هەردوو بارەکەدا.

لە لایەنی مۆسیقا و ترپە و ئاوازی شیعرییەوە ناوەند و ڕایەڵ و تانوپۆیەکە دەتواندرێت لێیەوە هەنگاو بۆ داهێنانی دیکە هەڵبگرێت. بینینێکی شۆڕشگێڕانەی بۆ دۆخگۆڕین و ئێستێتیکای ژیان پێشکێش کردووین. لەسەر هێڵی شیعرەوە پێ بە پێ جەماوەر دەهێنێت و زەمینەیان دەداتێ بۆ ڕەگ دروستکردنیان لەناو گۆڕان و وەرچەرخان و هەڵوەستە و هەڵوێستدا.

ئاڵوگۆڕی هەستەکانی لەگەڵ دەوروبەریدا دەکات و دەیانهێنێتەوە ناو بوونی خۆی، بوونی خۆی وەك ناوەندێکی شیعری لە هێڵی گۆڕانەکانیشەوە شیعر بە چنینێکی کارامەوە پەیامدار دەکات بە هونەر و نەریتی هەستیار و جوان، بەڵام لە لایەنی واتا و تێگەیشتنەوە، تاڕادەی ساکارییەکی دوو دیوی هونەری و پڕ ئەفسوون، ڕوونێکی لە خشتەبەرە. بەردەوام لە بارێکەوە دەتگوازێتەوە بارێکی دیکە. نێوانی بارەکانیش دەخاتە بەر پێوانە و نیشان، وەك خاڵێکی ناوەند، بیر و هەستی لەسەر دەگیرسێنێتەوە و یارییە زمانییەکانی خۆی لە ڕێگای کولتووری کۆدا تێدا بەکاردەخات.

گفتوگۆی ڕۆژ، وەك بەکارهاتوویەکی ئەندازەیی بەبێ کەم و زیاد بەکاردەهێنێت و توانا زەینییەکانی خۆی تێدا نیشان دەدات، ئەو زەینەی فۆرم بە شتە هەستییەکان دەدات، گیانێکی جەماوەرخوازە و شیعرەکانی دەربڕینی ڕاستەقینەن لە ناسنامەی کۆمەڵگای کوردی، وەك باری سیاسی

و کۆمەڵایەتی و ئایینی .... تاد، نەك وەك باری گیانی، هەروەها دەچێتە ناو قەوارەی زاندراوی (کولتوور) و (مێژوو) بۆ دۆزینەوەی خەیاڵ و پڕ وزەکردنی زمانی هەستیارکراو بە دەنگی کۆ، بەمەشەوە هاوکێشەیەکی لە نێوان دەنگی تاك و کۆ بنیاد ناوە و دەنگی تاکیش ڕادەکێشێتە ناو دەنگی کۆوە، ناکرێت شاعیر تەواو دەنگی کۆ بێت، چونکە ئەم تێگەیشتنە شیعر بەرەو میللیبوون دەبات. واتە: شیعرێکی ئاسایی و ئاشنا و باوخواز، کەچی ئەم شاعیرە بینینی لە دەنگی کۆدایە و مەودای هونەری و شێوازی نوێبەخشی وێنا کردووە، کردەی لەدایکبوونی زمان لەناو مانادا، کردەی لەدایکبوونی ماناش لەناو زماندا بەجێ دەهێنێت و ڕایەڵ و تانوپۆیان لە ناوەند دەچنێت.
تێگەیشتنیشمان بۆ چالاکبوونی ژیان لە واقیعی زیندوو، توندوتۆڵ دەکاتەوە. ئاماژەش دەدات لێی بکۆڵینەوە و تێی بگەین. ئەوجا لەناو (واقیعی زیندوو) ببین بە کەس و کەسایەتی کارا و دۆخگۆڕ لەبارە ئێستێتیکییەکانی کۆمەڵگادا.
(ڕێگا دوورەکانی چاومان)، ناونیشانی کتێبێکی شیعریی: (جەلالی میرزا کەریم)ە. ساڵی (١٩٩٢) لە دووتوێی (١٤٥) لاپەڕەدا بە شێوەیەکی سەرەتایی و هەژارانە لە سلێمانی چاپ کراوە، ئەم شیعرانەی تێدایە: (ڕازەکانی هەفتە، تەمەن، نەخشەی خەونەکان، لە کوێم، پێشکەشە بەو شۆڕشگێڕانەی هێشتا نەمدیون، ئاوێنەی هیوایەکی سەرهەڵگرتوو، ڕێگا دوورەکانی چاومان، تێگەیشتنی یادگارییەکان، وەرزەکان، دووری، زەماوەندی باوەش

پیاکردنەوە، ڕۆژگارە سەرگەردانەکان، ڕێگا، وەرام، هەنگاوی زام، هەڵوێست، نەورۆزی خۆزگە، گەشتە هەڵوێست، ناونیشانی یادێکی کۆچکردوو، حەز نامەیەکی ئاوارە، چرپەی ژانێکی نوقمبوو، سەرەتای حەیرانی تەمەنمان، گریە شیعر، هاوڕێ، لە خەمی هەڵەبجەی ژارا، پەیامە ژێ.)

ڕازەکانی هەفتە
دڵداری
من لە وانەی دڵداریدا
لە دوا ڕیزی قوتابییەکانی پۆلا بووم.
چونکە تەنیا لەگەڵ ژانی
ئاوارەیی خۆشەویستەکەی خۆما بووم.

نهێنی
ئەزانن من پاسەپۆرتی
ڕەشکراوەی فرمێسکم لە گیرفانایە؟
یەك یەك ئێستگەکان جێ دێڵم
بەبێ ئەوەی بزانن چی لە دڵمایە.

شەرم
بە ڕێکەوت کە لە ڕێگادا تۆ ئەبینم،
شیعرەکانم شەرمەزارن.
کە ناتبینم،
چاوەکانی بینینەوەی وشەکانم هەر بێدارن.
نیشتیمان

کە هەست لەناو ئاگری دوور وڵاتیا،
ڕازەکانم ئەسووتێنێ
بەهارە ڕێ گوڵی دەنگم
لە پایزی بەستەکانما ئەپروێنێ.

پەشیمانی
دڵدارەکەم چەقۆی ڕقی زیزبوونی خۆی،
بست بست بەناو گیانما گەڕان.
هەتا لەناو پەرەی دڵما،
لە خوێنی خۆی دەریای پەشیمانی هەستان.

دڵ
من ئێستاکە لە دڵ دوورم نازانم هەم
یاخود ڕێچکەی نەمان ئەگرم
کامتان لە دڵتان نزیکن؟
ئاشکرای کەن، تا دەستتان لەگەڵا بگرم.

شۆڕش
ئەتانەوێ من بناسن؟
من عاشقی ڕێگایەکم مەرگی تیا بێ.
کە هەڵوێست مرد بۆچی نابێ؟
دەروون شیعری شۆڕشێکی تری تیا بێ.

شیعری: (تەمەنی دە ساڵەی دێڕێك)، کە لە ژمارەی (٤٠)

ی ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا، ساڵی ١٩٧١ بڵاوی کردووەتەوە، شیعری: (لە خولیای داستانی مەرگی زەردەشتدا)، کە لەژمارە (٥)ی گۆڤاری (نووسەری کورد)دا، ساڵی ١٩٧٢ بڵاوی کردووەتەوە، شیعری: (ژانی ڕۆژانی هۆنراوە)، کە لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری (ڕوانگە)دا، ساڵی ١٩٧٢ بڵاوی کردووەتەوە. شیعری: (ڕوانینەکانی چاوی شەقام)، کە لە ژمارە (٨)ی گۆڤاری (بەیان)دا، ساڵی ١٩٧٣ بڵاوی کردووەتەوە. مەودایەك بۆ سەرنجدان دەکەنەوە. دەکرێت ئەم چوار شیعرەی وەك مانیفێستی شیعری قۆناخی حەفتایەکان، خەسڵەتی شیعری ئەو قۆناخەیان تێدا کۆ بکرێتەوە و ببیندرێت، کە شیعری ئەم قۆناخە نوێنەری دەنگی کۆیە. ئەمەش بەشێك لە شیعرییەت لە دەقدا وەردەگرێتەوە، یان ترووسکەکان پەرش ناکات، بگرە بۆ بە ئاسانی دەستەمۆبوونیان چەپکیان دەکات.

لە بواری دەنگی کۆدا قووڵ بووەتەوە و هەر لەم بوارەشدا سنووری خۆی نەخشاندووە، ناو و توانای خستووەتە ناو دوو کەوانەوە، کە لە ئاستی داهێنان لە بواری دەنگی کۆدا فەرامۆشکردنی مەحاڵە. دەنگی کۆ و دەنگی تاکیشی بە دوو جەمسەری هاودژ بینیوە، بۆیە لە کولتووری ڕۆشنبیریدا لەنوێوە بیری نەکردووەتەوە، خودی کولتوور نیشانمان دەدات، کولتوور دەنگی ڕابردووی کۆیە، نواندنی بوون نییە، بوون خۆ ڕۆشنکردنەوەیە بە شیعرییەتی قووڵ و جیهانی شاراوەی داهاتوو. دەشبێت ئەو بوونە کاریگەر بێت بە سروشتی خەیاڵ و خەیاڵ بەناو هەستەکاندا تێپەڕێنێت.

مانیفێست ئەو ڕایەڵ و تانوپۆ و ناوەندەیە، کە مۆرکی

گەرموگوڕی و خەسڵەتی تەواوی قۆناخێکی شیعری لە خۆیدا چنیوە. وەك ئەزموونێکی زیندوو، ناسنامەی ڕوونی تێدا ئاشکرا کرابێت و هەمیشە بۆ بزواندنی خەیاڵ ئاسۆیەکی کراوە بنوێنێت.
قۆناخی دواتر وەك: (ڕامانی سەرەکی) بۆ تێگەیشتن و خاڵی بینین و کەشی دۆخگۆڕین بگەڕێتەوە سەری و گیان لەناوی ئامادە بێت بۆ دۆنایدۆنکردنی دەق، یان چوونە ناویەکی دەق.
شاعیرانی حەفتایەکان لە سەرەتای ئەزموونیاندا بەشی زۆرینەیان لە (ڕەنگ) و (فۆرم) و (ترپە و ئاواز)دا، لە (رووبەری بیندراو و وزەی نوستوو)ی ئەم شاعیرە سوودمەند بوونە، سیمای هەرە درەوشاوە و گیانی ئەم قۆناخە واقیعخوازەیە. شێوازی گەیشتووەتە ئاستی نەمری. دەکرێت وەك (دیاردە) و (دامەزرێنەر)ی ماوەیەکی دیاریکراو: (١٩٧٠-١٩٧٥)، ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی کاری زانستییانەی خۆی لەبارەوە جێبەجێ بکات و کارایی و کاریگەری لەسەر شاعیرانی دەوروبەری دیاری بکات، بەڵام دوای ئەو ماوە دیاریکراوە، ئەزموونی بەرەو کزی دەڕوات تا ڕادەی لە کورتیدان و شکست هێنان. ئەم ڕووداو و گۆڕانەش ئەوە بنچینە و پێشینەیەتی، کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەگژداچوون. شیعری بە دەنگی کۆ و دنەدانی جەماوەر زانیوە، کە لە کوردستان دەربەدەر کرا و لە تاراوگەدا نیشتەجێ بوو، پچڕان و بۆشاییەك کەوتە نێوان دەنگی ئەم و دەنگی جەماوەر-کۆ، لە نیشتەجێبوونی لە تاراوگەدا مەودایەکی نوێ لە شاعیریەتی ئەو زیادی نەکرد. بگرە

مەودای بیرکردنەوە و دەربڕینی لە دەنگی کۆدا تێدا خاو بووەوە و لە وەستان نزیك بووەوە. لە بنەڕەتدا دەنگی شیعر، دەنگێکی تاکییە لەناو نەرم و نیانی زمان و ئێستێتیکادا، هاوتا بۆ دەنگی خۆی دەدۆزێتەوە. دەنگی کۆ زیاتر لە ڕۆمانی فرە شاکەس و فیلم و شانۆ و سینەما .... تاد، ڕۆڵی کاریگەر بەدی دەهێنێت، نەك لە شیعردا.
(فەرمانسالاری) و (داوا) لە شیعرەکانیدا، وەك دوو هێڵ بەیەك ئاست و بینین و تێگەیشتن کاری لەسەر کردوون. لە کاتێکدا وا دەخوازرێت بۆ فەرمان بە دەنگی تووڕە و نارەزایی بدوێت، بۆ داواش بە دەنگی نەرم و ئاوازدار.
ئەم دوو ئاست و تێکەڵکردنەش خاڵی تێڕامان و تێگەیشتنیەتی بۆ شیعر، وەك ناوەرۆك و ئەوجا شیعر وەك شێوە. ناوەرۆك و شێوە لە شیعری هونەریدا یەك دەگرن و لە ئێستێتیکدا دەبن بە خاڵی تواناداری. واتە: شیعرییەت. شیعرییەتیش پرۆژەیەکی تەواو ئێستێتیکییە و لەسەر بیر و زەین و خەیاڵ و پێگەیشتن و هەستپێکردن بەرز دەبێتەوە و ئاسۆی چاوەڕوانی بۆ خۆ ئاشکرا کردن دەستنیشان دەکات، بوونی خودێکی بیرکەرەوە لەسەر بیرکردنەوەی کۆمەڵگا و هەقیقەتی تێگەیشتن، هەقیقەتێك خودی بیرکەرەوە بتوانێت بە ئازادی جووڵەی خۆڕێکخستنی تێدا بکات.

**سەباح ڕەنجدەر**

**مایسی ٢٠٠٨ هەولێر**

# قەڵەمکێشی جەلالی میرزا کەریم بە وشە

یەکێك لە خاڵە گرینگەکان، بۆ ژیانی نووسەر و ڕێزلێنان لە نووسین ئەوەیە: بە شێوەیەکی تەندروست و زانستی کاتی خۆی ڕێکبخات و باش بەکاری بهێنێت. ئەم جۆرە ڕێکخستنە نەك وەك نووسەر یارمەتی دەدات، بگرە وەك ژیانی فەرمانبەری و خێزانیش دەبێتە هۆ و هۆکاری یارمەتیدان و کارایی ژیان. ئەمەش هەستێکی تەواو داهێنەرانەیە و پەیوەندیی بە داهێنان و پەیوەستبوون بە داهێنانەوە هەیە. بەم شێوەیە هەلومەرجی سوود وەرگرتنی بۆ دەڕەخسێت و خۆی لەگەڵ کاتی باش بەکارهاتوو دەگونجێنێت. لەم باروبوارەدا، کات دڵی نووسەر بە لای خۆیەوە ڕادەکێشێت و بەرهەمدار دەبێت لە ڕووی نووسینەوە، نووسەر بە قووڵی نووسین دەناسێت.

ناسینی قووڵیی شیعر، خاڵی بەهێزی پەیوەندییە بۆ یەکتر ناسینی شاعیر و خوێنەر، یان کۆمەڵگا. کەسێك، کەسێکی نەناسراو لە ئەستێرەیەکی دوور، یان دەوروبەرێکی پارێزراو، یان بە ژاوەژاو و پڕ مەترسی. هەست بە نزیکبوونەوەت دەکات، بە حەز و خولیای ئەدەبیی بێگەردەوە لەگەڵت دادەنیشێ و گفتوگۆی نێوانتان لەبارەی ئەدەب و جیاوازییەکانەوە گەرم دەبێت. هەر ئەم ڕووداوەیە ئەدەبی کردووەتە دیاردەیەکی گەردوونی و سەرسوڕهێنەر. ئەو پرسیارەی دەکەوێتە نێوان شیعر و کۆمەڵگا بە چ ڕێگایەك دەگاتە دۆخی شکۆمەندیی بەکارهێنان و داهێنان، شاعیر بە چ زانیاری و پێوەرێك ئاسۆی نێوان شیعر و کۆمەڵگا دەپێوێت. زمانی کۆمەڵگا کەمتر لەناو ڕۆشنبیریی نوێبەخشدا کارا و چالاکە، بگرە لە ئاستی دەستنیشانکردنی شتەکاندا ئەفسوون و هێزی خۆی ڕادەگەیەنێ. لە هەمان کاتیشدا زمانی کۆمەڵگا زمانێکی فرە دەنگ و فرە پەیوەندییە، توانای داهێنانی زمانی تێدایە و وزەکانی دەربڕین پەرە پێدەدات، پێویست نییە شاعیر وەك گومان و ترسێك لێی ورد بێتەوە و خۆی لێ تار و تەریك بگرێت، کۆمەڵگا بەردەوام لە ڕێگای داهێنانە هەمە جۆرەکانییەوە وزەی زمانی بەرز دەکاتەوە، بەڵام لە شیعردا زمانی، سۆزی بۆ خەون و داوا و پێشبینی و هەست .... تاد، هەیە و ئاستێك دیاری دەکات و بەسەر پێکهاتە دەروونییەکانی دەکرێتەوە.

لە کرانەوەیدا کاکڵی کاکڵەکانە. دەستبڵاوی لە بەکارهێنانیدا مەبەست و مانا ماندوو دەکات، لە

هەمان بەکارهێنانیشدا چڕکردنەوەی زیاد لە پێویستیش دیسان مەبەست و مانا ماندوو دەکات. لە هەردوو باری بەکارهێناندا زمان توانای پاراستنی بێدەنگی نامێنێت. (جەلالی میرزا کەریم) لە بنەماڵەیەکی سیاسی و ڕووناکبیر و شۆڕشگێڕدا، لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٥ لەدایك بووە، بە بڕوایەکی پتەوەوە بەشداری لە ڕۆشنبیریی زمانی نەتەوەی خۆیدا کردووە.

زمان لە دەقی: (ڕازێکی دەروون - گۆڤاری تووتن، ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٧٠، ل: ٦٠) و دەقی: (بڕوای شار - گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە ٩ی ساڵی ١٩٦٩، ل: ١٧)دا ڕووداوێکی دەگمەن نییە، درێژبوونەوەی ئەو زمانەیە دوابەدوای شیعری کلاسیکی دێت و پێبەپێ تا دێتە خوارەوە کاڵ و کاڵتر دەبێتەوە. زمان تێیدا ئاسۆی یەك ئاستی وەرگرتووە و پێکهاتە و سروشتێکی باڵا و جەربەزە ڕووبەڕوومان نابێتەوە. واتە سەرلەنوێ هەستی پێ ناکرێتەوە. هەست بە شتێك بکەیت و نەزانی چییە. سەرسامی و دۆزینەوەی نادیاری لەم نوختەی نەزانین چییەدا دێتە کایەوە و وەك کەرەستەیەکی خاو و پەی پێ نەبردراو فۆرمی زەینی وەردەگرێت.

زمانی لە خودی شیعرییەوە نەبردووەتە ناو خودی کۆمەڵگاوە، بگرە لە خودی کۆمەڵگاوە بردوویەتییە ناو خودی شیعرییەوە، جۆرێك توندوتیژی و ترس و تۆقانی خستووەتەوە. بەم شێوەیەش زمان دەوڵەمەند و ئەزموونداز نابێت، لە دەروونڕۆشنی بەتاڵ دەبێتەوە و هەست و نەشونما دەوەستێت. لەگەڵ ئەمەشدا بارودۆخی ژیانی حەفتایەکانی کۆمەڵگای کوردی و زەمینەی شیعریشی ئامادەیی ئەوەی تێدا بوو، ئەو

زمانە وەربگرێت و قبووڵی بکات. لە ئاستی بەکارهێنانی هێماشدا قووڵایی هێمای نەپاراستووە، لە قووڵاییەکی پێویستدا هێما بەرەو ژیانێکی بزێو ناڕوات، بگرە بەرهەمێك دەهێنێتە کایەوە و لەناوی ڕوون دەبێتەوە و بەشداری خۆی ڕادەگەیەنێ. لەم ڕاگەیاندنەدا زمان پێویستییەکی بنەڕەتی مرۆڤانەیە و هەموومان بە شێوەیەکی هاوبەش بەکاری دەهێنین و کەڵکی لێ وەردەگرین. کەڵك وەرگرتنێکی دیاریکراو و هەستکردن بە شکۆمەندیی دۆزینەوەی بەشێك لە هەقیقەت. ئەو هەقیقەتەی دەتەوێ لێی بدوێی تاقیکردنەوەی دەوێت و دەبێت لە ڕەفتاری ئاخاوتندا بەدی بکرێت. هەموو تاقیکردنەوەیەکیش کەرەستە خاوەکانی ژیان و جیهان لەباری دۆخ و شێواز و واتادا تازە دەکاتەوە و ئارەزووی پێشنیازکردن بەهێز دەکات، لە هەمان کردەشدا کاتێکی مێژووی ژیان و جیهان ڕادەگەیەنێت. ئەم کاتە ڕاگەیاندراوە، هونەری داهێنەری هەقیقەتە. بەشێك لە پێداویستییەکان بە ژیان و جیهان دەبەخشێت.

ئەگەر بتەوێت بەسەر شیعردا زاڵ بیت، دەبێت شیعر باش بناسیت. هەموو شیعرێك لە شوێنی خۆی پێدەگات و دەناسرێت. ئەو هونەرەی ئەو بە دوایدا دەگەڕێت بیدۆزێتەوە ڕێك لەگەڵ ئەو شوێنەی شاعیرەکەی تێدا پێگەیشتووە گەشەی کردووە. پێگەیشتنی پێکهاتەی هونەری شیعر بە پێودانگی شوێن و کولتوورەوە پەیوەستە. واتە: بیرکردنەوە و وێناکان ئاکاری شوێن وەردەگرن. شوێن هێڵێکی بەردەوامە و لە فەرهەنگ و کولتووردا پێگەیشتووە و درێژ دەبێتەوە و دەگات بە هێڵی بیرکردنەوەی هەموو شاعیرێك.

شـاعیریش وەك پێكهاتـەی سـەرەكی و ناسـنامەی داهێنـان مامەڵـەی لەگەڵـدا دەكات. شـوێنیش خـۆی بـە ئـاكاری دانیشـتووان دەڕازێنێتـەوە.
(كاروانـی وشـەی ڕاچەنیو) كۆشـیعری یەكەمـی ئـەم شـاعیرە بـووە . سـاڵی ١٩٧٤ ئامـادەی چاپـی كـردووە و بردوویەتییـە چاپخانە و تەنانەت بووەتە فیلمیش . بە هۆی بارودۆخی سیاسـی لـە چاپخانـە وەرگیراوەتـەوە . شـاعیریش لـەم كاتـەدا بەغـدای جێهێشـتووە و بووەتـە پێشـمەرگە، ئەدیبـی ناسـراو: (محەمـەدی مـەلا كـەریم)، پێشـەكی بۆ نووسـیوە و هـەم بـە ئامانەتیش لای دانـاوە. دوای نسـكۆی شـۆڕشـی ئەیلـوول سـاڵانێكـی زۆر وەك پەنابـەری دژە دەسـەڵات لـە ئەمەریـكا ژیـا و لەگـەڵ ڕاپەڕینـدا گەڕایـەوە كوردسـتان و هاتـەوە نـاو كۆمەڵـگای پـڕ جووڵـە و زینـدووی خـۆی و كانـگای هەڵڕشـتنی هەسـتەكانی. كوردسـتان و كۆمەڵـگای كـوردی نـاو و ناولێنانێكـن، بوونـی ڕاسـتەقینەیان لـە شـیعرەكانیدا هەیـە و شـادەماری خوێنیـن. ئەمیـش لـە هـەر كوێیـەك بووبێـت خوێـن بـووە بـۆ كوردسـتان، ماوەیەكـی كـەم تێیـدا مایـەوە، لـە ١٩٩٣\١١\١٤ لـە هەولێـر كۆچـی ناكۆچـی كـرد، كەچـی ئـەم ئامانەتـە سـەرە داوێكـی نەدرایـە دەسـت كـەس و هیـچ هەوڵێكـی دیاریشـی بـۆ چاپكردنـی نـەدراوە، كـە گرینگتریـن كۆشـیعری نوێیەخشـی بزووتنـەوەی ڕوانگەیـە، دەربڕیـن لـە زمـان و فـۆرم و شـێوازی داڕشـتنی ئـەم بزووتنەوەیـە بـكات. شـیعری شـاعیرانی ئـەم بزووتنەوەیـە بـە گشـتی لەنـاو تەمومژێكـی وشـیارانەدا بـارگاوی بـوو بـە ئایدۆلۆژیـا، شـیعری بـارگاوی كراویـش بـە ئایدۆلۆژیـا پەیوەسـتە بـەو دۆخـە ئێسـتاییەی، كـە تێیـدا دەژی و

دۆخێکـی نیمچـە هەڵخەڵەتێنـەرە.
گـەردوون بـە جۆرێك ترپـە و ئـاوازی دامـەزراو، بـە دوای یەکدا هـاتنی تاریك و ڕووناکـی و وەرزەکـان .... تاد، هەڵدەسـووڕێنێ. ئـەو جـۆرە ترپـە و ئـاوازەی، کـە گـەردوون بەڕێـوە دەبـات، گواسـتراوەتەوە نـاو دەروونـی مـرۆڤ و وزەیەکـی زۆری لـە بیـر و مێشـکی خسـتووەتە گـەڕ بـۆ هێنانـە کایـەی بەهـا ئێسـتێتیکییەکانی ژیـان ڕێکخسـتن. لێدانـی دەمارەکانـی لەشـی مـرۆڤ جۆرێك ترپـە و ئـاوازی بەڕێوەبردنن. گرینگترین ترپـە و ئـاواز لـە ڕۆیشـتنی مرۆڤـەوە پەیدا بـووە و خـۆی لەگـەڵ هەقیقەتدا گونجانـدووە و جۆرێك چاوگـی هۆشـیاربوونەوەیە. لـە شیعریشـدا لـە یەکـەم دێڕییـەوە تـا دوا دێـڕی ڕۆیشـتنێکی نـەرم هەیـە، ترپـە و ئـاوازی ئـەو ڕۆیشـتنە دەبێتـە ئاهەنـگ. شـیعری ئـەم شـاعیرەش بـە هـۆی بوونـی سروشـتێکی ترپـە و ئاوازییـەوە، دەربڕیـن لەبـارە بوونییـەکان و دەرخسـتنی مانـا دەکات، بەڵام تەنیـا لـە ڕێگای ترپـە و ئاوازەوە ناگەینـە ناخـی ئـەدەب، ناخـی ئـەدەب خـۆرە و زەوی وەك پێکهاتـەی مـەوداکان بـە دەوریـدا دەخولێتـەوە. ناشـزانین کامەیان سـەرچاوە و بنەوانـە و کامیـان پێکهاتەیـە. هـەر کاتێکیش بمانـەوێ بـە تـەواوی ئـەو زانیارییـە بزانیـن و بناسـین ون دەبیـن.
شـاعیری داهێنـەر، ئەگـەر سـەردەمێکیش بـە مەبەسـت و ئەنقەسـت پشـتگوێ بخرێـت، ئـەوە مێـژووی داهێنـان لـە ڕۆژ و ڕۆژگـار و کاتـی پێویسـتی خۆیـدا، زۆر بەهێـز و شـکۆوە دەیهێنێتـەوە نـاو ماڵـی ڕاسـتەقینەی ئـەدەب. لـە تەنیشـت گڵۆپـی بـە شـەوق و ڕاسـتییە ڕوونـەکان ڕایدەگرێـت. مێـژووی بیرکردنـەوەش، ئـەو مێـژووەی بـۆ زینـدوو دەکاتـەوە، کـە

بەهرە و کۆششی خۆی دروستی کردووە و ڕەوایی بوونیەتی، ناتوانین لە ژێر کاریگەری دەرچین. مێژووی ئەدەب کۆمەڵێك شتن بە یەکەوە دەڕۆن و تێکەڵ بە کرۆك و ناوکی داهێنان دەبن. لەم بار و بوارەشدا داهێنەر هەر بە داهێنەریی خۆی دەمێنێتەوە. خوێنەری هەمە جۆریش ناتوانێت خۆی لە ئەفسوون و کاریگەرییەکانی بە دوور بگرێت. پێوەری ئەفسوونی داهێنان شوێنی بۆ دەستنیشان دەکات. لەم دەستنیشانکردنەشدا پەیوەندییە داهێندراوەکان دەدۆزرێنەوە. بە دوای ئەوەدا دەگەڕێین، کە هەیە و قسەی لەبارەوە دەکەین.

**سەباح ڕەنجدەر**

**مایسی ٢٠٠٨ هەولێر**

## ڕوانینەکانی چاوی شەقام

چاوی شەقام .
هۆن . هۆن نیگای ئاگری باڵی کاروانمان
مەرگی بەهاری ئاسۆ دائەبارێنی .
هۆنراوەی زام ..

تاڵ . تاڵ چڵی خوێنی وشەی سەربڕاومان
لە ڕێژنە و تاوی هەناسەی ژاڵە و بیدا دائەچێنێ ..
لێوی پەیام ..

گەڵا . گەڵا تریفەی بزەی هاوارمان
بەناو ناخی ڕێگای قوڕپێوان و شیندا ئەوەرێنی ..

خۆری ئەنجام ..
تاڵ . تاڵ ورشەی شنەی ئاڵای هەنگاونانمان
بەناو سنگی تەمومژی قەڵای شەودا ئەپرژێنێ ..
شەقام: من کیشوەری زامم
زام: من شۆڕشی پەیامم
پەیام: من چەکی ئەنجامم
ئەنجام: من گۆرانی ناو سەنگەری شۆڕشگێڕانی جیهانم .
من ڤێتنامم .
من پۆلیڤیام .
من سۆدانم .
من شۆڕشی کوردستانم.

* * *

(( وێڵێکی ڕێ . ڕێبواری ڕێی بێ کۆتایی
پەیتا . پەیتا
خەنجەری لە سێبەری باڵای تەمەنی ستەمکاری
هەڵئەکێشا ...
دیواری خوێن خۆی لە فرمێسك هەڵئەکێشا.
سەنگەری خەم چیای قورسی ڕێی نۆ ساڵەی
تەنیا خواستێکی ئەکێشا.))
ـــ گۆرانیی . لەناو گەرووما ئەخنکێنرێ
گۆرانیی . لەناو سەنگەرا ئەسووتێنرێ
کەچی هێشتا . هێشتا سەنگەر
نازانم بۆ . بۆ لە ئاگری ناو گەرووی خۆی ناپرسێ؟
( ڕێی گەرداوی خوێنی هیوا
بەرەو ئاسمانی ئەودیوی مەبەست ئەڕوا .

ئەفڕێ . ئەکشێ، تا چاوی بڕکا . ئەڕوا . ئەڕوا
ئا ئەو لەشەی . بە باڵییەوە هەڵئەواسرا
ئا ئەو زامەی . بە ناوچەوانییەوە ئەنرا
گەرووی تفەنگی پێشمەرگەی ئەهێنایە سروودی گڕ
چاوی تۆڵەی ناو سەنگەری
ئەهێنایە پەڵەی بارانی خوێنی خوڕ.))
ـ کوا ڕەشەبای گڕپژێنی
ناو گەرداوی دڵی تۆڵە
کوانێ شنەی تەم ڕەوێنی
باخی لێوی بیابانی سنگی ئەم وڵاتە چۆڵە؟
(( خۆر . بۆ پەڵە هەورێ ئەگری
هەور . بۆ باخ
باخ . بۆ داربەڕوویەکی شاخ
داربەڕووش . بۆ تەورێ ئەگری.))
ـ ڕێبوارێکم . بۆ ڕێ ئەگریم
فرمێسکێکم . بۆ زێ ئەگریم.
(( ئاگر . لەدوای ماندووبوونی سووتاندنی خەرمانی
وشك، هەناسەی خەمی هەڵکێشا.
تۆڵە . بەناو گەرووی ڕقا وەك توولە ڕێیەکی خوێنین،
بەرەو دڵی وێرانەی سەنگەری
وشەی خۆر داکشا.))
ـ ئەنەڕێنم:-
من ڕێبواری هیوایەکی سەرهەڵگرتووم.
ئەچرپێنم:-
من ماچێکی بۆ لێو تینووم.

((ڕێگا دووره .
داستانی خەم کێوی گڕی سەرەو ژووره
ڕێ بۆ مەڵبەند . چلەی دۆزەخێکی سووره
شەپۆلی لێوی گۆرانی پرشنگی خۆری خنکاوی
دەریای خوێنی بێ سنووره ..)).
ــ ئەڕۆم ..
لەناو شاری خەما زەنگی بزه
بۆ چرۆی گۆرانییەك ڕائەوەشێنم.
ئەڕۆم ..
لەناو گۆمی خوێنا چرای وشه
بۆ پشکۆی هۆنراوەیەك دائەگیرسێنم
ئەڕۆم . ئەڕۆم
من بۆ ڕێگەی ئاگر سووتووم
ئەڕۆم . ئەڕۆم
من مەرگی پێشمەرگەی زیندووم
من گۆرانیی ئاسۆم چاوم
من ئازاری ئاڵای ناوم
من . هۆنراوەم،
به بێ سەنگەر هەرگیز ناژی
من . سەنگەرم،
به بێ دەفتەر هەرگیز ناژی
من . له مەرگا
ناوی ژیان له خۆم ئەنێم
من . له دەنگا
شیعر بۆ چرپەی چاو ئەڵێم

من . لە تۆفی خوێن هەڵسانی ڕێگای شارا
هەنگاو ئەنێم
من چارۆگەی کەشتی باخی
هەڵچوونی زێم.
(( شۆڕەسوارێ .
بۆ پرسیارێ .
تاوی ئەدا . باڵی ڕۆژگار
ڕاوی ئەنا . خەونی شەوگار
هەر یەك وەڵام . ئەبووە هاوار
ئەبووە سۆزی گەردووی قەتار)).
ـ من گەردنی ئاسۆی شاری پڕ هەنسکی
خۆم ماچ ئەکەم
(( بزەی نەرمی شەپۆلی دوو لێوی وەڵام
لەبەردەم دەرگای گریانا
ئەبووە ئەنجام
ئەبووە پەیام)).
ـ من ڕەشماڵی خێڵی شۆڕش
لەناو شاری کۆچەرانا
لەناو وەرزی بیابانا
لەناو دڵتانا هەڵئەدەم.
(( چاوی ژیان
دەرگای داستان
لە پرسیاری باڵای لە خوێن هەڵکێشراوی
شۆڕەسوارێك کرایەوە)).
ـ ناوت نابەم

خۆت حەشاردە . دوژمنداریت
باست ناکەم
بریندایت .
(( ژانی زامی . بێ دەنگ نەبووی هێشتا بەسوێ
چاوی ماڵی .
نیگای کاڵی .
پڕ کرد لە خوێ))
_ من نەهاتووم . ماچ کەن زامم
پەنای دەن نەڕەی پەیامم
من وا هاتووم
گەرووی وشکی چەکەکانتان
لە کارێزەی زامی قووڵما لە خوێن تێر کەن
من وا هاتووم منالآنتان
بە ئەلف و بێی شۆڕش فێر کەن.

*** گۆڤاری بەیان، ژمارە (٨) ١٩٧٣.**

# بڕوای شار

له گیانێکا.. ئینسانێکا
له قووڵایی ئاسمانێکا
له شڵپەی خوێنی جوانێکا
له کسپە و چزەی ژانێکا
زۆر شت بینرا، ئێجگار نوێبوون.

* * *

بۆ گەل
مەشخەڵ
چرای ڕێبوون.
وای کرد پێڵووی چاو لێکنەنرێ
له ڕووی تیشکی ئەو بڕوایە
هەژاری شار هەنگاو بنێ
بەرەو سەختی ئەو ڕێگایە
کە نان

ژیان
بەختیاری بۆ ئەم تیایە.

* * *

لە گیانێکا.. ئینسانێکا
لە تاریکی ڕۆژانێکا
فرمێسك تیایا لەرزی و ترسا
گەلێك پردی مەزن ڕووخا
کەسێك بینرا
کەسی گشت کەس
ژیان لای بەس
مردنێکی سەر بەرزی بوو
تاقە بڕوا
قوربانی پڕ دڵسۆزی بوو
کەسێك بینرا
بە پێشمەرگەی کورد ناو ئەبرا
چەند لێی درا
ئازار درا
هەتا کوژرا
ناوی کورد و کوردستانی لە دەم نەبڕا.

* * *

لە قووڵایی ئاسمانێکا ....
لە ئاهی چەند شەوانێکا
مانگی ڕووی دایك ئەبینرا
مات و بێدەنگ
فرمێسکی مەنگ

نم نم لە چاوی ئەڕژا
بۆ کۆرپە شیرەخۆرەکەی
کە دوژمن لە بێشکەی گرا
بە نێزە فێرە خوێنەکەی
دوا تریقەی گەشی خنکا
ئاسمان ڕووخا
زەوی جوولا
منارەکەی مزگەوتی شار
هات بەلادا
نوێژ تێکدرا
خوێن پەلەی دا
بەڕووی خوادا هەڵپژینرا
لە تاوانی ئەو منالەی
وا سەر بڕا.

* * *

لە شڵپەی خوێنی جوانێکا
لە گەرمەی شەڕ بارانێکا
کڵپەی تۆڵە لەچاوێکا
دڵی دوژمنی ئەپێکا
چاوی جوانێکی...
کچە شوانێك
کە نامەردێ.. جانەوەرێ
داگیرکەرێ
ڕێی لێبگرێ
لەدوای تێربوون سەری بڕێ

لە چاوێکا....
لە چاوی کچە کوردێکا
بینرا تۆڵە
نەك یەك تۆڵە.. هەزار تۆڵە
تۆڵەی زامی
بێئارامی
ژێر پێلەقە و مشتە کۆڵە.

❊ ❊ ❊

لە کسپە و چزەی زامێکا
تەپاوتلدانی ژانێکا
باخێك بینرا
باخی هیوا
تۆوی بڕوا پێدا ئەکرا
بڕوا بەگەل.. بە ڕابەرێ
بەو زەحمەتکێشەی، ڕاپەڕێ
بڕوا بەوەی
ئامانجی کورد.. هیوای نەوەی
بەرناگرێ..
ئەگەر خوێنی بۆ نەڕێژرێ

---

* گۆڤاری ڕزگاری ژمارە، ١٩٦٩.

# ڕازێکی دەروون

گوێ شلی ئەو وتانەم لە شەوەزەنگا
چرپەیانە لە خامۆشی تاری سنگا
ئەو سکاڵا تاڵەی هەردەم
هەڵدەڕێژێ زووخاوی خەم
ئەو پرسیارە، بێ وەڵامەی، ڕێی پێنابەم
نە تێی ئەگەم
نە ئەشتوانم لێی هەڵبێم و خۆم دەربازکەم.

* * *

چیم لە بوونما ئاخۆ دەسکەوت
بڵێسە و گڕ؟
یا هێمنی، گیانی نەسرەوت
شادمانی، یا خەمی دڕ

* * *

دنیا و تەمەنی لەمەودوام
ئاخۆ چۆن بێ؟
پڕ جریوەی ئەستێرەبێ

ئاسمانەکەی دوێنێی بڕوام.

* * *

ئەی خۆم، کێ بم؟
بەزەیی بم، یا شەڕخواهی
خۆشەویستی، یا ڕقاوی
ئاخۆ چی بم؟

* * *

تەزوویەکیش بەگیانما دێت
فرمێسك و بزەی لێدەتکێت
کاتێك دەروون
دێتە گڕ و کفت و هەڵچوون
وێنەیەکی پرسیاراوی
ئەخەمە بەرچاوی وێڵم
تیایا دڕکی ئاگراوی پڕ لە چزەی ژین دەشێلم.

* * *

لە فرمێسکا.. لە بزەی یادی جارانما
لەهەنسکا.. لە شاڵاوی بیرسووتانما
لە ناخەوە
لە ناخێکی بە داخەوە..
ڕوخساری خۆم، بەدی ئەکەم
ڕووم تێ ئەکا.. ڕووی تێ ئەکەم
دێینە دووان ..
لە من یەك و لەو بە سەدان.

* * *

جا لە ڕوخسارم تێ ئەگەم

بۆ وتەیەك گوێ شل ئەکەم
لە قووڵایی دڵمەوە دێت
ئەنەڕێنێت و پێم ئەڵێت
نازانیت کێیت؟
پایەت چەندە؟ کامەیە جێت؟

* * *

تۆ مرۆڤیت.. بڵندە جێت
چەند بەژان بێ ژینی دوێنێت
ئەمڕۆ ئازاد، ملی ڕێگات
بگرە بەرەو دنیای هیوات
ئەوسا هەر وێنەی ڕووی دوێنێت
هەزار و یەك ڕەنگ ئەنوێنێت
باخی وشکی زەردی سیسبوو
بە دەریای گوڵ ئەنەخشێنێ
بە هەزاران وتەی نوستوو
لە خەوی قورس هەڵئەسێنێ
پەڵە هەوری ڕەشی سنگت
دێتە ڕەوینەوە و نەمان
لێڵی گۆمی خولیای مەنگت
ڕوون ئەبێتەوە گەش و جوان
تێدەگەیت کێیت
بۆچی دەژیت .. کامەیە جێت
بەرەو کوێیە هەنگاوی ڕێت
تێئەگەیت کێیت...

*** گۆڤاری تووتن، ژمارە (٤) ١٩٧٠.**

# ڕازەکانی هەفتە

## دڵداری

من لە وانەی دڵداریدا
لە دوا ڕیزی قوتابییەکانی پۆلا بووم.
چونکە تەنیا لەگەڵ ژانی
ئاوارەیی خۆشەویستەکەی خۆما بووم.

## نهێنی

ئەزانن من پاسەپۆرتی
ڕەشکراوەی فرمێسکم لە گیرفانایە؟
یەك یەك ئێستگەکان جێ دێڵم
بەبێ ئەوەی بزانن چی لە دڵمایە.

## شەرم

بە ڕێکەوت کە لە ڕێگادا تۆ ئەبینم،
شیعرەکانم شەرمەزارن.

کە ناتبینم،
چاوەکانی بینینەوەی وشەکانم هەر بێدارن.

## نیشتیمان

کە هەست لەناو ئاگری دوور وڵاتیا،
ڕازەکانم ئەسووتێنێ
بەهارە ڕێ گوڵی دەنگم
لە پایزی بەستەکانما ئەپروێنێ.

## پەشیمانی

دڵدارەکەم چەقۆی ڕقی زیزبوونی خۆی،
بست بست بەناو گیانما گەڕان.
هەتا لەناو پەرەی دڵما،
لە خوێنی خۆی دەریای پەشیمانی هەستان.

## دڵ

من ئێستاکە لە دڵ دوورم نازانم هەم
یاخود ڕێچکەی نەمان ئەگرم
کامتان لە دڵتان نزیکن؟
ئاشکرای کەن، تا دەستتان لەگەڵا بگرم.

## شۆڕش

ئەتانەوێ من بناسن؟
من عاشقی ڕێگایەکم مەرگی تیا بێ.
کە هەڵوێست مرد بۆچی نابێ؟
دەروون شیعری شۆڕشێکی تری تیا بێ.

**١٩٧**

---

* **ڕۆڤار، ژمارە (١٥) ٢٠٠١.**

# داستانی شار

١

هێشتا منداڵ بووم ..
چۆلەکەیەکی بێ پەڕوباڵ بووم،
نە مانای ژیان . گەڵاڕێزانی،
نە مانای گریان . ژانم ئەزانی ..
ئەوەی لام خۆش بوو،
حەمامۆکێ بوو . خۆڵەپەتانی.

* * *

نەم ئەزانی بۆ؟
ئەستێرەکانی درەوشاوەی شەو ..
تاك و ترووکیان هەروەکو پشکۆ
ئەکشانە خوارێ بۆ ناو گەرووی خەو ..
ئەیان وت: گیانی مرۆڤێکە . وا
لە گڕی کوورەی مردنا سووتا.

* * *

نەم ئەزانی چۆن ..
گوڵ بۆ پەپوولە دەم ئەکاتەوە،

چۆن نمەی باران لەسەرخۆ هۆن هۆن ..
گەردی ڕووی گەڵای دار ئەشواتەوە،
ئای لە یادی کۆن!

* * *

هێشتا منداڵ بووم ..
چۆلەکەیەکی بێ پەڕوباڵ بووم،
نەم ئەزانی شار ..
بۆچی جارەوبار،
باخی ئاگری وشك و بێ بەری،
گوڵی خوێناوی لێ هەڵئەوەری.

* * *

بۆچی منداڵمان ..؟
بۆچی ئاسمانمان ..؟
بۆچی بەهاری بێ سەوزەگیامان؟
بە گریان فێرن ..
بۆ کانی ئاومان ..؟
نمەی بارانمان ..
شیلەی گەنمی پێشێل کراومان ..
هەر تفت و سوێرن.

٢

هێشتا منداڵ بووم . لە باسوخواسی
دەمەی دێرینی خەڵکی ئەم شارە
نە ( قەدەم خێر ) و ( کاوە )م ئەناسی
نە داستانی شەڕ . نە ( دوانزە سوارە ).

*   *   *

نەم ئەزانی بۆ ؟ ( دەرسیم) ڕاپەڕی
بۆچی ( مەهاباد ) تا ئێستەش ئەگری
بۆچی ( باخەکەی بەردەرگای سەرا
بە خوێنی گەشی لاوان ئاودرا )
نەم ئەزانی بۆ ؟ مێژووی تەمەنی
ئاوارە و ونی،
ئەم خەڵکەی ئێرە ..
هەر ڕەش کراوەی ناو ڕۆژمێرە.

٣

داستانەکەی شار: ئەیگێڕێتەوە
پێشەوایەك مرد . کەس بۆی نەگریا
ڕابەرێکی تر . وا بەڕێگەوە
هەبێ؟ ئەمجارە پێشوازی بکا؟

*   *   *

ئەڵێ: لەم شارە ..
گۆشتی ڕزیوی لاشەی کرمەڕێز
بۆ جانەوەری پەنای سێدارە
ئەکرا بە پارووی خۆراکی بەپێز.

*   *   *

نێزەی چاوچنۆك ..
هەر تەڕبوو، سووربوو. خوێنی دەم چەقۆ
دار بێ سێبەر بوو . هەور بێ تنۆك
توێژاوی خوێ بوو ڕوخساری ئاسۆ.

*   *   *

ئەڵێ: دەمێك بوو دەروازەکەی شار
بە ئەڵقەڕیزی ڕق داخرابوو
دوا ورتەی زامی لێوی خەم بەبار
لە دووتوێی سنگی مەرگا نێژرابوو.

*   *   *

پێنج پەنجەی دڕی ژێر نینۆك چڵکن
گیربوو لە جەرگی گەورەی ئەم شارە
خوێنی چاو، ڕەش بوو . ئەشکی دڵ لیخن
شار ئاوا ئەبێ ؟. یا، زرێبارە ؟

*   *   *

لە ڕۆژانی پڕ کارەساتمانا ..
گەلێگ گیا ڕوا و بەڵام نەبووە گوڵ
وتەش هەڵوەری لەگەڵ خەزانا
بێ خۆرەتاوی نەیهێنانە کوڵ.

٤

کاتێك ئەم شارە ..
لەناو شەقامی کپ و خامۆشیا
لە گۆڕستانی بێ کفن پۆشیا
چزووی کۆڵەکەی قورسی سێدارە
بە گیانیا چزا ..
بە چاویا چزا ..
لە دوا هەناسەی دۆزەخی ڕەزا
لە کوێرە ڕێگەی هەورازی خزا

سەرەتای وشە
بڕوای پڕ ورشە
ڕەش ئەکرایەوە ..
بۆ ناو گەرووی مەرگ . بەرئەدرایەوە.

* * *

کاتێك ئەم شارە . لە باخی ڕووتیا
لە چاوی ماتیا،
گوڵ ئەپرووێنرا ..
چۆلەکە . مرۆڤ . قەلاچۆ ئەکرا
شار وای لێ کرا ..
وای بەسەر هێنرا،
کەچی ئەبینرا،
ژانی چەند ساڵە ..
ئەکرایە پیاڵە،
گوڵاڵە سوورە ئەکرا بەژاڵە
بە ناحەق ناوی کورد و کوردستان
بووبوو بە نیشان
بۆ مۆڵگەی تاوان .

٥

ئەستێرە کشا ..
کەچی هێشتاکە، تیشك و پرشنگی
گەلێکی ماوە بە ئێمە بگا.
ڕابەرێکیش مرد . بە دارا کرا ..
کەچی هێشتاکە، نووسین و دەنگی

گەلێکی ماوە بە ئێمە بگا.
هێشتاکە کەممان هەیە تێ بگا
ڕێگای کورد ئەبێ بەرەو کوێ بڕوا
ئەوەی ئەیزانین ..
ئەمڕۆ ئەیڵێین و بەڵام سبەینێ
لێی پەشیمانین.

* * *

لە جەنگی خەڵکی ترا ئەکوژرێین
لە گۆڕستانی
بێ ناونیشانی
وێرانی خەڵکی ترا ئەنێژرێین
بەڵام بۆ خۆمان ..
هەروا دەستەوسان
لەبەر دوژمنا، ڕائەکەین . هەڵدێین.

* * *

بۆ شار و گوندی خەڵکی تر ئەگرین
لە داخا یەخە و بەرۆکمان ئەدڕین
بەڵام بۆ خۆمان ..
بۆ شار و دێمان،
سەرچۆپی ئەگرین.

٦

هەتاکەی وابین ..؟
هەر لە خەوابین ؟
. . . . . . ؟

. . . . . . ؟

٧

ئەبێ ژیلەی بیر وا بورووژێنین
گیانی ڕزیوی پێ ببزووێنین
چەکی خەباتی لێ بکەینە شان
بە خوێن بیسڕین مۆری ناوچەوان
ئەوساکە ناوی گەلێکی زیندوو
ئەبێتە مایە و شانازی مێژوو.



**١٩٥٨**

*** ڕۆژنامەی هاوکاری،ژمارە (٢٥) ١٩٧١.**

# ڕێگا

نامە داخراوەکانی دڵ
لە تەوژمی خۆشەویستی لێوی بەفری
تابلۆی شانۆی خۆرهەڵاتی ڕێگاکانا
ئەکرێتەوە
لە کاروانی گەڵاڕێزانی پایزی گوڵا
لە زستانی سنگی هەورا
هەمان وەرزی نمەی بەهار
بەسەر لووتکە و
قەدپاڵ و نشێوەکانا
ئەڕژێنەوە.

*     *     *

سێبەری باڵدارێکی بێ پاسەپۆرتی
سەرهەڵگرتوو
بەندەرەکانی زریانی
وەیشوومەی شەوی هەڵتەکان
هەناسەی گەرمی هێلانەی
گەرووی خوارووو

بووە ملوانکەی ژیلەمۆ و
لە گەردنی نەرمی وەك لۆکەی خۆی ئالاّن.

* * *

- ئەی باڵەکانی پرشنگی خۆری وشە!
بەستەڵەکی دەمارەکانی بێ دەنگی
جێ مەهێڵن
پەردەکانی پەنجەرەی زامی بێ گرشە،
بە دواتانا . لاشەی زەوی
وێڵ ئەکێڵن.

* * *

کێ ئەیزانی ؟..
جانتایەکی خۆڵ لێنیشتووی ماندووی ڕێگای
مەڵبەندێکی دووری کەساس ..
ئەگاتە بەردەمی پاسگای تەمی تەکساس
ڕەهێڵەی بارانی خۆری،
تۆزی سەر ڕووی ئەشواتەوە..
گوێزانی برووسکەی دڕی،
دوگمەی سینگی ئەکاتەوە
کێ ئەیزانێ؟؟

* * *

کێ ئەیزانێ ؟..
نینۆکی درێژی ئەوسای مەلای خەتێ
لە دووتوێی ئایەتەکانی ناو قورئانا
سەروچاوی یەزدان ئەڕنێ
هەمان و هەمان پەنجەی تر

نە جارێ . سێ و چوار جارێ تر
نەخشەی بەهەشتی هەژاران
لەبەردەرگای کۆشکی سپی و
سوور و سەوزی (ڕەشا) ئەدڕی.

* * *

نەوەك هەور،
کە سەرچاوەی خۆی ئەزانی
نەوەك . ڕاچڵەکینی تەور
کە مەچەك و
بازووی کاوەی خۆی ئەزانێ
نەوەك . ڕەنگی ئەرخەوانی
گۆڕستانی پێشمەرگەکان،
کە لافاوی
زێی خوێنینی خۆی ئەزانی
نەوەك . چلەی پرسەی پشکۆی ئاگردانی
دەفتەری ڕێی بێ نەواکان،
کە سروودی
یەکگرتنی خۆی ئەزانێ.
بەڵکو ئێوەش ..
گەورەکانم،
ئەتانزانی.

* * *

ئەتانزانی پەری ئاوات،
لە کەژاوەی دڵدارانی ئاوارەوە
نەبێ . نایەت.

ئەتانزانی . کەشتی شادی،
لەڕۆخی زامی دەریاوە
نەبێ . نایەت
ئەتانزانی . خۆر لە چرکەی
پەلەپیتکەی تفەنگەوە
نەبێ . نایەت.
ئەتانزانی . شنەی ئاڵا لەناو ڕێژنەی
ڕاستبوونەوەی سێدارەوە
نەبێ . نایەت.

* * *

پۆستەرێکی ناوچەوانی هەواڵنامەی
بێ کۆتایی هاوارێکی ڕووت و برسی
دەنگ و باسی «کۆماری ئیفلاتوون» ی لە:
گالیسکەی هاوین و قژی
بێ قردێلەی گوڵەگەنمی ئەپرسی.
پەپوولەکانی سەرابی مۆمێکی کوێر.
چین چین بەنێو ڕەنگەکانی
تابلۆی تراژیدی پرسا گوزەریان کرد
مەشخەڵی بەرپێی ناسۆریان،
بە موژگانی سروە هەڵکرد.
ئیتر سەرەتای تووڵەڕێی
بەرەو عیشق دەستی پێ کرد.

١٩٧٩

* ڕۆڤار، ژمارە (١٥) ٢٠٠١.

# ڕۆژمێر و ڕاپەڕین و خەمی بێ کۆتایی

١

ئاخۆ! . شتێ
لە دڵی ئاسمانا ماوە؟
ئاخۆ! . شتێ
لە سنگی مێژوودا ماوە؟
ئاخۆ! . شتێ
لە کاروانی مەرگا ماوە؟
ئاخۆ! . شتێ
لە ساڵنامەی زوڵما ماوە؟
بۆ بەهاری: گەڵاڕێزان
بۆ هاوینی: ڕێژنە و لافاوی خوێن هەڵسان
بۆ تەنیایی: منداڵانی ناو کوردستان
ببنە پەرژین و پشتیوان.

❊ ❊ ❊

ئاسمان! . بۆ تۆ

سواری کام ئەسپی بۆراقی،
ئایین ببین؟
تا بتگەینێ؟
مێژووی زەمینی ژان! . بۆ تۆ
ڕێی کام دایکی
ئیفلاتوونی زایین بگرین؟
تا بتگەینێ؟
کاروانی بیست سەدەی هیوا و ڕامان! . بۆ تۆ
چ پەیکەرێ بۆ هێرۆشیما و هەڵەبجە هەڵببەستین؟
تا بتگەینێ؟
ساڵنامەی سەددامی باوکی،
هیتلەری ژین سووتان! . بۆ تۆ
سنوورەکان کیشوەری مردن ئەبڕین
تا بتگەینێ؟
تا بتگەینێ و نەخشەی کەللە و دڵت بدڕین
تا فرمێسکی چاوی بەرلین و کەربەلا و
کەرکووك بسڕین!
ئەوسا سروەی
پڕ لە نەشئەی
سروودێکی بێ کۆتایی،
ورد ورد بێشکەی
خەونی شایی
باڵەفڕێی پەڕەسێلکە ڕائەژەنێ.

* * *

چیمان . نەکرد!

مەگەر . بە دیواری شەوی
زووحاکا هەڵنەگەڕاین و
بەرەبەیانی نەورۆزمان
بە ئاورنگی سەر ڕوومەتی
گوڵاڵە سوورە ئاڵ نەکرد.

*   *   *

چیمان . نەکرد!
مەگەر دەستمان
نەکردە ملی (سیڤەر) و
ئەو لا و ئەو لایمان ماچ نەکرد.
چیمان . نەکرد!
مەگەر بە ڕووی
پەشیمانییەکەی (لۆزان)دا
شەڕمان نەکرد.

*   *   *

چیمان . نەکرد!
مەگەر دە ئامۆژگارییەکەی
(ولسن)مان وەك
ئایەتێك لەناو قورئانا لەبەر نەکرد.

*   *   *

چیمان . نەکرد!
مەگەر پێنج ساڵ
بە کۆش، بە دەست،
پشکۆی ڕەنگاوڕەنگمان
بە پێپیلکەی ئاگری داخا

بۆ تارای بووکی کوردستان
نه . بالأی
ئالأی شەکاوەمان . نەبرد.

* * *

چیمان. نەکرد!
مەگەر پێڵووی چرای ئەستێرەی شەقامی
کۆمارە ساواکەی سابلأخمان پێ نەکرد.

* * *

چیمان . نەکرد؟
هەموویمان . کرد!
ئەوەتا . هەزاران ساڵە
گوڵە ژاڵە
لە وەرزی حەزمانا ئەژی و
پێمان ئەڵێ:
(بۆ ئێوە ڕەنگم زۆر ئاڵە
بۆ دوژمن تامم زۆر تاڵە).

٢

دڵ . هەر دڵە
یەکە و. ئەگەرچی چوار بەشە
کوردستان هەر کوردستانە
گەرچی چوار کەرتی یەك لەشە
ئا. لەم بەشەی
کانی خوارووی هەڵقوڵأنا
نە . لەم لەشەی

ئەنجن بوونی شەقاو نانا
ئاخ! کە بانگی
سەدان نوێژی
ڕاپەڕینی تێدا نەدرا
ئاخ! کە مانگی
زیوین ڕێژی
هەزاران مێشکی تیا نەپژا.

* * *

ئاخ! شەشی ڕەشی ئەیلوولی سلێمانی
کام ڕەشەبا
کام قوربانی بەبێ پەروا
لە ئەلبوومی بازیانا هەڵیانسانی.

* * *

شاخ! شەشی گەشی ئەیلوولی خۆڕاگرتن
لە عێراقا
لە ڕووباری دوو چاوی بزە و مەراقا
ئەرێ چۆن بوویتە ئاوێنەی
ڕووی تریفەی
خەرمانەی ڕۆژی مانگرتن.

* * *

تۆش! یانزەی ئەیلوولی تفەنگ
تێشووی گوللە.
قوڕگی هاوینە تینووەکەی
تەمەنی هەڵۆی ناو فەرهەنگ!
چۆن باڵت گرت!

بە: بناری
تارمایی ڕەزی گەرمیانت
بە: کرێوەی
پشتێنی بەفری کوێستانت
چۆن بۆ کەشکەڵانی فەلەك سەریانتخست.

* * *

چیمان . نەکرد؟
ئەوە (٣٠) ساڵی ڕەبەقە
لیستی خەزانی شەهیدان
پەیتا پەیتا
بە بیلبیلەی
ناخمانەوە هەڵئەواسرێ.

* * *

هەموویمان . کرد!
ئەوەتا (٣٠) ساڵی دەقە
کوردستانەکەی چەك لە شان
لە سەنگەرا..
پێشمەرگەکەی!
گرمەی هەور و برووسکەکەی
هەرگیز . هەرگیز
ئارام ناگرێ.

٣

- وا (٣٠) ساڵە دار بەڕوومان
بەرناگرێ.

گوڵئەستێرەی چۆلەکەمان
هەڵنافڕێ.
نیگای وێڵی منداڵانمان
لە شەپۆلی سۆزی مەمکا پێناکەنێ.
ئەڵقەڕێزی
شەققەی بەردەم دەرگاکانمان
نۆتەی گەڵای
ئاوازێکمان بۆ ناچنێ.
- وا (٣٠) ساڵە
بەڕێوەین و
ژوان بۆ دیل دائەنێین و
ڕۆژژمێری زیندانەکان،
پۆڵاڕێژن و
ناکرێنەوە.
- وا (٣٠) ساڵە
ئەوەندە ڕوو!
لەناو تابلۆی
حەوزی تێزابا قرچاوە
لەش وەك ئوردوو هەڵچنراوە
وێنەی کەس ناناسرێتەوە.
- وا (٣٠) ساڵە
لەناو دێڕی
ڕۆمانی هەموو شارێکا
لە ئەشکەوتی
مێشکی هەموو شاعیرێکا

وشە وەکو
یاریی قەڵا قەڵا و چاوشارکێ
جارێ سەرنیشانە و دیارە
جارێ چاوەدزێ و جارێ سەرەتاتکێ
جارێکیتر خۆشاردنەوە.
گەر تۆ نەبای
ئێستا چریکەی ئەم دەنگە
نووزەی گۆڕی
کێلێکی ڕیسوا و سەرشۆڕی
نێو دوو لنگی
سوڵتانەکەی بەغدا ئەبوو.
- ئاخ! . پێشمەرگە!
گەر تۆ نەبای
ئێستاکێ گەشەی ئەم ڕەنگە
پەشتەماڵی
بە خوێن تاڵی
خوار ناوکی
سەرۆکەکەی بەغدا ئەبوو.

٤

لە پڕ چ بارانێ دایکرد؟
گێژەلووکەی چ ڕاپەڕینێ هەڵی کرد؟
کۆڵان لە خۆیەوە هەڵسا
مەشخەڵ هەر بۆ خۆی هەڵگیرسا
ئەمجارەیان

تفەنگ بەخۆی چووە سەرشان
جۆگەی هاوار
بە تەوژم ڕژایە نێو گەرووی تینوو
بۆ یەکەمجار
ولاتی ترس ئاوا هەڵچوو
تیشکی ئاوێنەی شەپۆلی دیجلە و فورات
لەگەڵ لەنجەی زێ و سیروانا
لە ڕەوتی بێ وچانیانا
وا لە یەکتری ئالابوون
وات ئەزانی بە زگێ بوون
یان بوونەتە یەك سەرچاوەی هیوا و ئاوات.

* * *

بەلام، ئەفسووس
کوانێ حەیا . کوانێ نامووس
ئەوە دیسان
ڕەوە گورگی زامار و هاری بەعسییان
پاش ڕاونانیان
سمێڵی بەڕێز سەرۆکیان
وەکو کلکیان
شۆڕکردەوە بۆ ناو گەڵیان
کەوتنەوە خۆر سەربڕین
مانگ سەربڕین
لە تۆڵەی دۆڕاندنیانا
لە کاتی گیانەلایانا.
زریکەیان بەردایە سەر هەموو لێوێ

گریان بەردایە گەردنی هەموو کێوێ
دەستی حەسەن و حوسێنیان
لەبن بڕی
ئەگریجەی خورمای بەسرایان
هەموو ڕنی.

* * *

ئاخ! کوردستانی خۆشەویست
چیکەی تریان بەتۆ نەڕشت
مەگەر ڕك و کینەی ڕەشیان
بە باروت و خوێن نەشێلا و
نەیانکردە
نێرگزەجاڕی ئەمساڵی گرانەتا و
لە بسکی هەڵپڕووزکاوی
دووکەڵاوی
باوە گوڕگوڕ و قەڵای هەولێریان نەدا و؟
کردیانە شاپێلیتەیەکی رەش هەڵگیرساو.

* * *

ئەوا لەسەر سنگی خۆما
تارای ڕاپەڕینێکت لەبۆ ئەچنم.
لەناو دڵی پڕ هەنسکما
نەخشەی شیعری کوردستانت بۆ هەڵئەگرم.
لەسەر بەردی ناوچەوانی زەبوونیما
وێنەی تفەنگێکی کەت بۆ هەڵئەکەنم.
لەناو سۆزی تەنیاییما

ئاوازی عیشقێکی تازەت بۆ ئەژەنم.

٥

- ئاخ ..! پێشمەرگە!
پاش کارەسات
لەگەڵمان بە!
لەناو ئۆردووگای دڵمان بە!
چەك دامەنێ
خۆت ڕاومەنێ
لەمە زیاتر!
چاوی ڕەشی قەرە هەنجیریان هەڵکۆڵی!
توخوا. لە هەڵەبجە زیاتر
ئیتر چیتر ماوە بیکەن
مەگەر هەر لە پردی دەلالی زاخۆوە
هەتا دەمارەکانی نەوتی خانەقین
خاك و خۆڵی
شیرینیان وەك بێژنگ لێکرد
چەك دامەنێ
چاو لێکمەنێ
دوێنێ ئەوەندەیان لێ قەلاچۆ کردین
نایەتە ژمارە و پرسین
بە ملیۆن و
دوو . سێ ملیۆن
پیر و مناڵانیان بێ سەروشوێن کردین
لە ماڵ و حاڵمانیان کردین.

- دەسا. تو خوا ئەی پێشمەرگە!
کوردستانت
ئیمشەو لەشی بێ ڕایەخە..
تکایە گیانتی بۆ ڕاخە.

٦

دوای هەموو ئەم بەسەرهاتە
کەچی تازە وەفد ڕێکئەخرێ
یەك لە دوای یەك
بۆ لای قەسابەکەی بەغدا
بەڕێ ئەکرێ
گوایە نوخشە و نۆبەرەی مفاوەزاتە.

* * *

لێم ببوورە!
کوورە گڕی شیعری توورە!
جارە جارێ
داخی دڵم وا بە ساکاری هەڵڕێژم
ڕستە جریوە شاکارێ
لە زمانی ناو بازاڕا وا بنێژم.

* * *

کونە شاری زەردەواڵە و
ڕێچکەی ڕەژوو،
لێت ناترسم!
ئەم هەڵوێستەم بخنکێنی
وەستا و بە هەرزانی وانە و

قوتابخانەی مژدەی سووتوو،
لێت ناپرسم!
لە (فندق الرشید)ەوە چیم بۆ دێنی.

* * *

خۆتان ئەڕۆن!
چاو بەستەش بن . هەر شارەزان،
بۆیە سەرقاڵی هاتوچۆن،
تا لەسەر خوانی ئاژانسی
گوشت و بڕ و دەنگوباسی
ڕشانەوەی سەرۆك بخۆن
تا بە ئابڕووی تکێنراوی
خۆتان زامی سەددام بشۆن.

* * *

لەجیاتی کێ؟
ئەو مناڵەی لە تاوی بێ شیری ئەمری
یا ئەو دایکەی
تاقانە جگەرگۆشەکەی
بە دەستی خۆی لە چاڵ ناشت و
پەنجەیەك نەبوو ڕەهێڵەی
خوڕی چاوی بەر پەنجەرەی
لەبۆ بسڕێ.

* * *

لەجیاتی کێ؟
باوەش ئەکەن
بە سەرتاپای تاوانێکا و

ئەم لا و ئەو لای
دارِزاوی بۆگەنی سەددام ماچ ئەکەن.

* * *

لەجیاتی کێ؟
مانگێ زیاتر لە باوەشی
بەعسا کڕبوون
نەخێر وڕبوون
پێشمان ئەڵێن:
- بەڕێز سەرۆك لوتفی هەیە -
ئەمجارەیان
لە جێی حەکەم
بە موهاندسی حوکمی زاتی ناوئەبرێ.

* * *

لەجیاتی کێ؟
لە جێی قەڵغانی قەڵەم و
بەیتە شیعرێ؟
کە لە داخا سەر و قژی خۆی ئەڕنێ و
هاوار ئەکا و ئەنەڕێنێ
ئەبێ ئێستاکە بنووسرێ.

٧

لەپاش چی؟
گلەیی لە سەنگەر ئەکەن
گلەیی لە خەنجەر ئەکەن
ناوی (شۆڕش)

به - شەڕ — ئەبەن
ئەگەنە ئەو قەناعەتەی
هەر بە ئاشتی
نەوەك بە شەڕ
ئەم ئاواتەی
کورد سەر ئەخەن.

* * *

- شەڕ هەر شەڕە
تۆپ و بۆمبای وێرانکەرە
فڕۆکەی ژەهر پڕژێنی
خنکێنەرە
کەڵبە و نوخانی دوژمن و
عەزیایەکی داگیرکەرە
- بەڵام . شۆڕش
چۆڕاوگەکەی خوێن و کۆشش،
تەنیا لێزمەی
بارانێکی داهێنەرە
تاکە هەگبەی
ڕێ بەرەو لووتکەی سەرخەرە
شۆڕش . نامەی
گەردوونی ڕزگاریکەرە
تاقە لانەی
هەڵۆیەکی ئەشکەوتگرە
لە بۆ ئاشتیش
لەنجە باڵی

شین سامالّی
پۆلە کۆتری ژووورووی هەورە.

* * *

خواست و ئامانجەکانیشمان
کەلوپەل و
هەیتو هاواری ناو مەزاتخانە نییە
خوێن و گۆڕی
هەزاران هەزار شەهیدی
تێیدا وەکو
جاجمەشڕی،
قەنەفە کۆنێ بفرۆشرێ،
یان دووکانی بەرگدرووی
ژنانە و پیاوانە نییە
جل و بەرگی گڕ خلّتانی
کوردستانی
تێیدا وەکو
ڕانك و چۆغە و ستارخانی
لەم لا قارسکا و
بیداتەوە دەمی ئەو لا و
بە مەقەستی تیژ دەبانی
دەرزی و داوی بێ ئامانی
سنوورەکانی جەستەمان
لەت و کوتکا و
ئەوسا ئۆتۆنۆمی خۆیان
بە بالّامانا هەلّکێشێ.

٨

له ئاستی شیعری خەمخوارا
قەڵەمی هەنسك ژارا
پەڕەی ڕووی دەفتەری کزا
ڕوو له کام خوا کەم بۆ نزا
- بڕۆ بڕۆ...
گوێ مەدەرە یاساوڵێ، لێت بخوڕێ و داوای شوناسنامەی
دەوڵەتێکی قەحپەت لێ بکا و لێشت بپرسێ:
ناوت چییه؟
(ابن العوجه) یان (کوردستان)؟
- بڵێ و بڵێ . دایکم تەنیا منی هەبوو،
باوکم لەمن زیاتر کەسی تری نەبوو،
هەر منیان بوو
منیشیان ناونا کوردستان.

**بەهاری ١٩٩١**

---

*** گۆڤاری ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم، ژماره (٢٧) ١٩٩١.**

# خوێننامەی دڵدارێکی تینوو

(کە ژانی دڵدارەکان، ئەڕژێنە هەژانێکی بێ ئامانی ناو تەمەنی مێژووی پڕ لە ئازاری کوردەوە. ئاسۆی ماچەکانمان بێ پایانتر ئەبێ. ئەو پێشمەرگە دڵدارەی هەڕاج کرا. ئەبێ سەرلەنوێ بە خۆشەویستییەکی تر گۆش بکرێتەوە. تا بە خوێنی شەیداوە لاپەڕەکی ڕەنگین لە داستانی درێژخایەنمان بنووسێتەوە. ئەم جگەرگۆشەیەم لەمانەوە چەکەرەی کرد.)

١

گیانە . کاتێ چاوی گەشی وشەکانم
لەبەر دەرگای داخراوی شارەکەما
بۆ ترووسکەی چرای سنگی کپکراوی کوردستانم
جۆگەی ئاگری هەڵئەبەست
دوژمنانم .
دوژمنانی شیعرەکانم
باری خەمیان
لە کۆڵی کاروانی شەوی
چیاکانمان دائەبەست
من ژانی ئەم
چەند دێڕ شیعرەم
بۆ تۆ هەڵبەست.

٢

دەرگای چاوی
دیوارەکانم بەجێهێشت

شەپۆلی خوێی دەریای لێوی بزڕکاوی
دڵدارەکانم بەجێهێشت
چرپەی
پەردەی
یادگارێکی ژاکاوی
پەنجەرەکانم بەجێهێشت
بۆ هەوری گڕ
بۆ پەیامی دارستانی شۆڕشی چڕ
بۆ خوێن . ئاگر
تۆم بەجێهێشت.

٣

ڕۆیشتم . ڕۆیشتم
بەڵام . چاوی وشەکانم، چ ببینێ؟
(( تازە . کێوی قسەکانمان،
بەرماڵی مزگەوتەکانمان))
بۆمبای هەزار
ساڵی ژاڵەی تەمەنی مێژووی پڕ لە ژار
بە گوێی خۆزگەی
مەم و زینی
باوەشی گەرمی پێشمەرگەی
دڵی سەنگەری خوێنینی
شۆڕشەکەما .
ئەتەقێنێ.

٤

ڕۆیشتم . ڕۆیشتم
سەرم لەبەر پێی ئێوارەی
بزەی دڵدارێکا کەچ کرد
ئاڵای نوێژێکی پیرۆزم
لەناو چاوی خۆردا هەڵکرد
گیانە . وتم:
بەڵکو نوێژی
برینڕێژی
سەفەری دوورم گیرابێ
وشەی بەندم بەڕەڵلا بێ
کەچی . ڕێی خۆر سەری هەڵگرت
باخی سنگم بەری نەگرت.
بەری نەگرت
بەری نەگرت

٥

گیانە . ئاسۆی ماچەکانمان
نازانم بۆ بێ ئاسمانە
پشکۆی نیگای
باڵی ڕێگای
دڵداریمان
بۆ بێ چاوی ئاگردانە
بۆچی هەوری زامەکانمان
بە بێ ڕەهێڵەی بارانە
نامەکانمان .
بێ گوڵدانە

مەرگی دەنگمان .
بە بێ پرسە و گۆڕستانە.

٦

گیانە . ئەمڕۆ
من و دڵدارێکی هەر وەك خۆم ڕەنجەڕۆ
باسی مەرگی
دوا گوللەی چەکی گیڤارای
ئەم کوردستانەمان ئەکرد
باسی چرای
ڕێی بێ بەرگی
درەختی شۆڕشمان ئەکرد
کەچی لە ڕووی تۆی بێ ڕەنگا
لە هاژەی دەریای هاواری تۆی بێ دەنگا
بزەی ئاگرینم بینی
وشەی ڕاچەنینم بینی.

٧

گیانە . سنگم
ملیۆنەها . بۆمبای ڕاچەنینی تیایە
خۆزگەی ناو شیعری گزنگم
ملیۆنەها . خۆری پێکەنینی تیایە
بەڵام هیچیان
نابن بەو پێشمەرگە مەردەی
لە هەڕاجخانەی ئاشتییا
ئاڵای خوێنی ئەچەقێنێ
نابن بە یەك دێڕ سروودی

نەوەی ئاگر و بارووتی
ئەو سەردەمەی
زامی گوللە ئەتەقێنێ.

٨

وشەکانمان
بە بێ ئاسمان . بەبێ خۆرن
ئاخۆ، کەی . کام چاوی ئاسۆ هەڵیبیێنێ؟
داستانیشمان ..
داستانی کۆن و ئێستامان، ئێجگار زۆرن
ئاخۆ، کەی . کام پاڵەوان بێ وەدیبێنێ؟

٩

پرسیارێکە .
گیانە . دووکەڵ لە گڕی کرد
ئازارێکە .
کوژاندنەوەی پشکۆی چاوی
پێشمەرگەیەك
تێکەڵ بە فرمێسکی تەڕی
نەڕەی تۆڵەی سەنگەری کرد.

١٠

گیانە . بۆ وەڵام . بۆ ئەنجام
بەسەر کێوی فەرهەنگی زمانەوانییا هەڵگەڕام
بەناو دەریای ئینسکلۆپیدیای ژیانی
دڵدارانی ترا گەڕام
لە داستانی مەم و زینا
گەڕام . گەڕام

لە شاری بێ پێکەنینا
گەڕام . گەڕام
نە خۆم . نە تۆ
نە نیگای بانگەوازێکی پڕ شکۆ
کەسم نەدی
ئەزانی بۆ کەسم نەدی؟

١١

چونکە . هێشتا، چرای وشەی خۆشەویستی
لای ئێمە هەڵنەگیرساوە.
دەنگی گۆرانیی سەربەستی ..
نەوتراوە.
ئاڵای ئاگر هەڵنەکراوە ..
یەك دێڕ چییە ..
لە باسی دڵداریی ڕاستی .
نەنووسراوە.
هێشتا چەپکە گوڵێکی سوور،
لەسەر گۆڕی پێشمەرگەیەك.
دانەنراوە.
نەخێر . هێشتا ئاو نەدراوە
نەنێژراوە
نەچێنراوە.

١٢

گیانە . کاتێ، چەپکە گوڵی ڕەنگاوڕەنگت پێشکەش
ئەکەم
گۆڕستانی شەهیدانم ببێتە باخێکی بەرین

کاتێ شیعرت پیا هەڵئەدەم
وشەکانم لەگەڵ تەقەی گوللەی پێشمەرگەدا بژین .
ئەوسا . گیانە، ماچت ئەکەم
لە دێرێکا . هەزاران جار
باست ئەکەم
ماچت ئەکەم.

*** ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (تایبەت) ١٩٧٢.**

# لە خولیای داستانی مەرگی زەردەشتدا

کام سەرەتای ناونیشانی تاڵ و تفتی
مەرگی متی
ئەو چیرۆکانە باس خەم
کە مەلۆتکەی ناو بێشکەی خەم
لە دەسرازەی پەڕەی مێژووی شارەکانا
لە ئاوێنەی ئاسۆی تەمەنی سەیوانا
بە فرمێسکی هێشتا کزری
ناو داستانی ون و بزری
کارەساتی کوشتنی زەردەشتا نووسی
نووسی . بەڵام، بۆچی چاوێ
لەرەی سێبەر . یا هەتاوێ
هەتا خەونی پەپوولەی وشەش نەیپرسی
بۆ کێ . نووسرا
خوڕەی ژانی ئەم ڕووبارە

جۆگەی خوێنی ئەم بەهارە
بۆ کوێ ئەڕوا.

* * *

باخمان .
کوردستانی چاو پڕ زاخمان
بۆ سەرەتا
بۆ سەرەتا
هەموو ڕۆژێ
دڵی مەردێك
خۆشەویستێك
نە . درەختێك
تۆوی چەکێك
لە کێڵگەی زامی تینوومانا ئەنێژێ.

* * *

یەکەم وشە . نە، سەرەتا
کە زەردەشت بوو بۆچی کوژرا
دوابەدوای ئەو
مۆرانەی خەو
لە لاشەمان وروژێنرا
گۆڕمان . ناخمان پڕ لە زەرنیخی لم کرا
کەچی تازە . دوای تەمەنێکی هێجگار کۆن
ئەیانەوێ . ناوی زەردەشت
چاوی زەردەشت
بە بەهەشتی بەڵێنی دۆزەخیان بشۆن.

* * *

دوا هەناسەی
نر کە و نەڕی
ناو چیرۆکی بێشکەی مەرگی
ترووسکەی خۆری سەر سنگی
پێشمەرگەیەك . سەرەتایە
سەرەتایە .
بۆ ئەو ڕێیەی
نەك زەردەشتێ . بەڵکو هەزار
بۆ یەك وشە . بۆ یەك هاوار
بەرگی خوێنیان لە بەرایە.

*      *      *

ئەی نەوەی دە ساڵەی گوللە
ناوی زەردەشتتان خۆش بوێ
گڕتان بوێ
بیر و ڕێگا . چەکی سەرکەوتنتان بوێ
بۆ سەرەتا
پردی خوێن و بیر هەڵبەستن
بۆ سەرەتا
پشکۆی وشەی چەك هەڵڕێژن.

---

* گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە (٥) ١٩٧٢.

# بەشێکی تر لە گاتا

کاتێ لەگەڵ هەڵوەرینی
گۆپکە و گەڵای ئاگرینی
دوا هەناسەی .
ئەرخەوانا
نە . لەناو تۆف و ڕەهێڵەی
دۆزەخی سنگی خەزانا
وەکو چڵە گیایەك هەڵچووم
ئێوە هەبوون.
کاتێ لە ناو منداڵدانی
ئاوسێنراوی پڕ لەژانی
چیاکانا
لەدایکبووم .
ئێوە هەبوون.
لەگەڵ زامی .

وشەی ناو دێڕی هەڵبەستا
ئێوە هەبوون.
لەگەڵ مردنی ناکامی .
خۆشەویستا
ئێوە هەبوون.
لە گۆرانیی بێ ئەنجامی .
سووتانی نامەی مەبەستا
ئێوە هەبوون.

* * *

ئێوە هەبوون .
بەڵام هەنگاوی ڕێی وێڵ بوون
بارانێك بوون . بەڵام بێ ڕەنگ
گریانێك بوون . بەڵام بێ دەنگ
کاروانێك بوون . بە بێ پێشەنگ
لەشکرێك بوون . بەڵام بێ جەنگ

* * *

کاتێ هاتم ..
توورِ درامە . ژێر سێبەری
ڕشانەوەی پەل هاویشتووی
سیپارەی چڵك لێ نیشتووی
بانگ و دەنگی مەرگەوەڕی
تەمەنی درێژتانەوە .
کاتێ هاتم .
لوول درامە . گێژەڵووکەی
زەڕنیخی جادوو ئەفسانەی

مێردەزمەی
ئەو قسانەی . ئەو ئەڵقانەی
ئەکرایە گوێ و ملتانەوە.

*　*　*

هاتم . دەریای
ئاگرینم بۆ هەژاندن
هاتم . سەرمای
بیر تەزێنم بۆ بەزاندن
ئەهریمەنم بۆ خنکاندن
گیانی مەزدەم بۆ خوڵقاندن
بە خوێنی بیر .
دێراوی دێڕی ئاوێستام
بۆ هەڵبەستن .
ئاڵای بڕوام .
بۆ هەڵکردن .
پشکۆی وشەم . بۆ هەڵڕشتن
ڕەنگی:
گوڵی گڕپژێنی
نەورۆزی تازەم بۆ ڕشتن
دەنگی:
شۆڕشی خوێنینی
کوردستانی نوێم بۆ وتن.

*　*　*

من ئەو دەنگەم
لەگەڵ گرمەی . هەوری ژانی

گریانی چاوی زستانی
شارەکانا .
بە خوڕ باریم
بە خوڕ باریم
وەکو . ئاگر، بەڕووتانا
بە چاوتانا
بە خوڕ باریم
من ئەو دەنگەم .
لە سووتانا،
لە گریانا .
ئالآی خۆر و گوڵەگەنم
ئەکەم بە بەر کوردستانا
من ئەو ڕەنگەم .
لە وێنەی مێژووی کاڵتانا
لە چرپەی تفت و تاڵتانا
مۆری خوێن و پەڵەی ئاگر
ئەنێم بە ڕووی ئاسۆتانا
من ئەو جەنگەم .
لە گوللەی پێشمەرگەمانا
گۆرانی زەردەشتی ئەمڕۆ .
ئەکەم بە گوێی مردووتانا
ئەو پێشەنگەم .
لە کاروانی پڕ سوێتانا
لە بینایی پڕ خوێتانا
زاری زەنگ و چاوی کانیی

ئەچێنم لە بەرپێتانا.

* * *

براکانم دەنگی شۆڕش
تەقەی ناو سەنگەری ئەوێ
براکانم . زاری شۆڕش
نەڕەی تۆقێنەری ئەوێ
براکانم . چاوی شۆڕش
تۆڵەی سووتێنەری ئەوێ
براکانم . شۆڕش، شۆڕش
بەڵێ شۆڕش
بازووی ڕووخێنەری ئەوێ
بیری نوێی ڕەهبەری ئەوێ.

* * *

براکانم . لەگەڵمابن
لە هەموو بستێکی گڕی
کوردستانا . لەگەڵمابن
دۆزەخ داخەن
ڕێگای خوێن و ژیلە ڕاخەن
چرۆ بگرن
پشکۆ بگرن
ژەنگی تاوانی سەرلاشەی
ئەم وڵاتە .
بە خوێن بسڕن .
جارێکی تر . ((با هەڵمژین هەناسەی شەهیدەکانمان))
جارێکی تر . (( با ببیستین گۆرانیی پێشمەرگەکانمان))

لەگەڵمابن .
لە خەمناکی شارەکانا
لەگەڵمابن .
لە گریانی منالآنا .
لەگەڵمابن .
لە هەنگاوا . لەگەڵمابن
لە شالآوا لەگەڵمابن
لەگەڵمابن .
لەگەڵمابن .
بۆ پێشوازی مەزدەی ژیان
لەگەڵمابن .
بۆ بەهاری نوێی کوردستان
لەگەڵمابن .
لەگەڵمابن . لە گەڵمابن.

**ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣٤) ١٩٧١.**

# یاد و یاقووت و نەهەنگ

١

تا دوێنێ بوو .
نەورۆزەکەی شاری هیوا
بەهارێکی پڕ لە سوێ بوو ..
گوڵی وشەی تیا ئەپروا

*   *   *

دەروونی یاد . بێ کڵپە بوو
سنگی وتە . بێ چرپە بوو
ئاسمانی بیر . ڕەشی تێر بوو
چاوی تۆڵە . هێشتا کوێر بوو

*   *   *

تا دوێنێ بوو ..
شاری نوستوو .
هەر خامۆش بوو،
گۆڕستانی بیرەوەچوو

فەرامۆش بوو

* * *

ئەشکەوتی چۆڵ،
درەختێکی بێ چرۆ بوو ..
ئاگردانی پڕ خوێن و خۆڵ،
بێ پشکۆ بوو.

* * *

تا دوێنێ بوو .
چەکی خەبات،
هێشتا متی ناو سەنگەر بوو
هیوا و ئاوات،
هەتاوێکی بێ سێبەر بوو

* * *

کاروان وێڵ بوو.
چاوەڕوانی
پێشەنگێکی قارەمانی
مەرد و قەڵای دوژمن کێڵ بوو

٢

لە ئاسۆی بێ پێکەنینا
لەگەڵ زەردەی ئاوارەیی.
ژەنگی تاڵی خۆرنشینا
لە ئاسمانی ماتەمینا
لە دوا چرپەی وشەی وێڵی
ئەستێرەی شەوگاری ژینا
لێوی خۆری خنکاوی خوێ

کەوتە بزەی ئاورنگ ڕشتن
کاروانەکەی جێماوی ڕێ
کەوتەوە بەستە و ڕۆیشتن

* * *

لە پڕووشەی گەردەلوولا
لە گێژاوی .
ڕەنگزەرد و هەڵبزڕکاوی
ڕۆژانی ڕەشی ئەیلوولا
دەنگی ڕاچەنین و هەڵمەت
چەکی بڕوای دا بە میللەت

* * *

باخی زەردی ئەیلوولی ڕووت
بە پەڵەی ئاگر و باروت
گوڵاڵەی هیوای شۆڕشی
نەتەوەی کوردی تیا پشکووت

٣

ئەیلوول هات و ساڵ بەسەر چوو
گڕی کپە و ڕق بێ پشوو
دارستانی.
بێ جریوەی کوردستانی
ئەکرد بە زووخاڵ و ڕەژوو.
بەڵام ئەو بڕوایەی وەکو
شاڵاوی ئاگر و پووشوو،
لە سەنگەرا ..
لە ئەشکەوتا .

لە هەڵمەتا .
لە پڕانی مێشك و سەرا
لە شەونخوونی ڕابەرا
بە ڕووی دوژمنا هەڵئەچوو
بەجۆشتر بوو . لەناو نەچوو
. لەناو نەچوو

٤

ئەی کوردستانی پێشمەرگە ..
ڕاستە دڵی چیاکانت،
چاوی گەشی منداڵانت .
ئەمساڵ پڕ شایی و ئاهەنگە
بەڵام . قسە، هێشتا . ڕەنگە
خواست و مەرام .
یاقووتێکی شەوچراخی
ناو گەرووی تاری نەهەنگە.

**١٩٧١**

* **گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە (١) ١٩٧١.**

# پرسیار بۆ هاتنی گۆدۆ

١

بۆچی؟ ئەبێ . هەموو جارێ
گشت بەهارێ
ساڵ . لە دوای ساڵ،
((ساڵی خۆڵەمێش و زووخاڵ))
لەسای بەرۆچکەی یادێکا ..
((یادێك بێ باڵ))
خۆری تەزیو
بکەین بەسنگی مێژووا
نە . لەناو گەرووی زامێکا .
((زامێکی تاڵ))
بەستەی ڕزیو
بکەین بەگیانی مردووا.

؟؟؟

بۆچی؟ ئەبێ . کاسەسەری
شەق کراوی
ژێر ئەرخەوانی بێ بەری
بەخوێن تەڕی
تەمەنی خۆزگەی وێڵ بوومان
لەچەرخی تازەی بیستەما
بۆ سێبەری .
گیانی زەردەشتی کوژراومان
بۆ ئاوێستای هەڵواسراوی
ناوخۆری ئاڵای سووتاوی
ئاسمانی بێ سەروشوێنمان
بێتە سەما
؟؟؟

٢

هاوڕێکانم!
بەهاری ئەم کوردستانە
هێشتا تینووی کانییەکە
نەتەقیوە.
دەنگی ژانی ئەم شارانە
چاوەڕێی گۆرانییەکە
هێشتا کاروانی قوربانی
دێڕەکانی.
نەچنیوە.
؟؟؟

٣

هاوڕێکانم!
پرسیارمان هەزار و یەك
کوردستانمان
چاوەڕوانی گۆدۆیەکە
چاوەڕوانی مەزدەیەکە
چاوەڕوانی گوللەیەکە
سنگی ڕێگای ئاسمانی ون
هەڵتەکێنێ .
ڕاست کاتەوە
پەیکەری (ڕاستیی) سەروبن
؟؟؟

٤

هاوڕێکانم!
هاتنی گۆدۆی هاوڕێمان
بیری ئەوێ
خوێنی ئەوێ
وتە و کرداری نوێی ئەوێ
قوربانیی ( کاروانی وشەی ڕاچەنیو)ی
ئەمڕۆی ئەوێ
شیکردنەوەی ( کلافەیەك
ژانی تووڕە)ی ئێمەی ئەوێ
(ڕۆژژمێری) سووتێنراوی
ئازاری (پێشمەرگە)ی ئەوێ
هەڵهاتنی (خۆرێکی یاخیبووی ئەوێ)

تەڵەی زامی
گیڤارای نوێی . نەك كوردستان
نەك بۆلیڤیا . هەموو جیهان
بەڵكو جیهانی نوێی ئەوێ

* **گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە (٢) ١٩٧١.**

# ژانی ڕۆژانی هۆنراوە

هاتووم . چەپکێ وشەی ئاگر
لەسەر گۆڕی شیعر دانێم
هاتووم . بڵێم:
باوەگوڕ گوڕ
کوانێ ئاڵا؟
کوانێ شیعر؟

* * *

هاتووم، لەناو شیعرەکانی شێخ ڕەزادا
یاخیبوونی وشە فێربم
لەناو جۆگەی هەنسکی گاورباغیدا
لەخوێن تێربم
هاتووم. لەبەر خۆری چلەی
شۆڕیجەدا،
لەبەر وشەی
سووتاندنی تاڵ تاڵ شارای ئەگریجەدا
کوێر بم. کوێربم

نەخێر . هاتووم شیعر فێربم

* * *

هاتووم . لەناو زەردەخەنەی
تەرمی شەهیدەکانمانا
بۆ پێغەمبەرێ بگەڕێم
لەناو پرسەی
دەنگی تفەنگەکانمانا
بۆ هەڵچوونی خوێنی سەنگەرێ بگەڕێم
لەناو خورپەی
دڵی ئاهەنگەکانمانا
بۆ هاواری گوللەی ڕابەرێ بگەڕێم
هاتووم . هاتووم
بۆ یەك چرۆی چڵی ئاگر
بۆ دێرە شیعرێ بگەڕێم

* * *

ئەی شاری ژان!
شاری شیعری گڕی گریان
هاتووم . بەدوای کەللەسەری
شەهیدێکتا وێڵم . ونە
بەدوای کالانی خەنجەری
بڕوایەکتا وێڵم ..ونە
بەدوای هەناسەی سواڵکەری
بەرماڵێکتا وێڵم . ونە
بەدوای گۆڕی بێ چەپەری
دڵدارێکتا وێڵم . ونە

بەدوای ناوی بێ پەیکەری
شاعیرێکتا وێڵم . ونە

* * *

هاتووم . هەستم
بدەمە دەست مناڵەکانی ئەم شارە
هاتووم . تفەنگی هەڵبەستم
بدەمە دەست پێشمەرگەکانی ئەم شارە
هاتووم . شیعرم
لە باخی گڕ تێ بەربوودا
لە گۆڕستانی زیندوودا
دوا لاپەڕەو دێڕی بدڕم

* * *

هاتووم . بڵێم
شیعر . هەڵسانی شەقامە
هاتووم . بڵێم
شیعر . تەقینەوەی زامە
شیعر . مەرگی پێغەمبەرە
شیعر . گۆرانی سەنگەرە
شیعر . هەنگاوی بەجەرگی
بەرەو سێدارەی ڕابەرە
شیعر . ڕێگاو ئەنجامێکی
بەخوێن تەڕە.

* * *

هاتووم . لەناو باخی سنگی خۆزگەتانا
بست بست تۆوی بۆمبای شۆڕش دابچێنم

یەك یەك لە مێشك و دڵتانا
لە گیانتانا
لەپرسەی بێ گریانتانا
شەهیدەکانتان هەڵسێنم
هاتووم . دەروازەی گەورەی شار
ڕاوەشێنم .
بنەڕێنم . هەموو ڕۆژێ
زامی گەلێ سارێژ ئەبێ
بنەڕێنم . ئەی بۆچی کورد
بەڵێ . ئەی شاری ژان، بەڵێ . ئەی بۆچی کورد
ئالأی هەتاوی کەژاوەی
بووکی ڕزگاری هەڵنەکرد؟

* * *

ئەزانن بۆ؟ . چونکە هێشتا ؟
بۆمبای شۆڕش
وا لەمشتا
چونکە . ڕێگا
بۆ ئەستێرە
لەلای ئێمە هێشتا کوێرە
چونکە هێشتا ئەبێ شاعیر هەڵبواسرێ
ناوی مارکس . خۆبە کوشتدانی گیڤارا
لەیادداشتی
پێشمەرگەیەکا نەنووسرێ

* * *

شۆڕش لەلای نەوەی ئەم سەردەمە . خوایە

سەرەتایە
لەدایکبوونی بڕوایە
هەڵگیرساندنی چرایە
بەخوێن سەندنی هیوایە
بەرزکردنەوەی ئالایە .

*　　　*　　　*

بەلام، کوا . خوا؟
کوا . سەرەتا؟
کوانێ . بڕوا؟
کوانێ . چرا؟
کوانێ . هیوا؟
کوانێ . ئالا؟

*　　*　　*

ئەی چاوی نۆ ساڵەی خۆری ئاواتی کورد
مژدەی نیگای سەرفرازیمان لێت ئەوێ.
ئەی دڵی چوار لەتکراوی خەباتی کورد
چەپکە ئالای سەربەخۆییمان لێت ئەوێ.
ئەی بارانی گڕ و خوێنی سەنگەری کورد
سێبەری باخی قوربیانیمان لێت ئەوێ.
ئەی تفەنگی بیر و دەنگی ڕابەری کورد
کوردستان و مرۆڤی کوردمان لێت ئەوێ.
رقی ڕەهێڵە و شۆڕشی تۆمان ئەوێ.
لەخۆمانا
دێڕ دێڕ لە شیعرەکانمانا
تۆمان ئەوێ.

وەك چۆن . شۆڕش پەڵەی خوێنی
لافاوێكی سووری ئەوێ
ئێمەش ئاوا . تۆمان ئەوێ.

* * *

ئەمانەوێ .
سێدارەكانی ئەم شارە
ببنە تفەنگ
شەهیدەكانی ئەم شارە
ببنە شیعر . ببن بەدەنگ
ئەمانەوێ
وشەی مەنگی تابلۆی بێ ڕەنگ
ببێتە زەنگ
ئەمانەوێ باوە گوڕگوڕ
بمانداتێ ئاڵا و . شیعر

* گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە (٣) ١٩٧١.

# سووتان لە ئاهەنگی ئاشتییا

خنکاین . خنکاین،
لە دووکەڵی بوخوردی درۆی ئاشتییا
برژاین . برژاین،
لە دۆزەخی بەهەشتی پڕ سوێی ئاشتییا
کوژراین . کوژراین،
لەژێر گەڵا زەیتوونی بێ بۆی ئاشتییا
ڕزاین . ڕزاین،
لەناو کۆشکی وەك زیندانی نوێی ئاشتییا

* * *

پەنجەرەکان . بکەنەوە،
با هەڵمژین..
هەناسەی شەهیدەکانمان..

دەروازەکان . بکەنەوە،
با ببیسین..
گۆرانی پێشمەرگەکانمان..
چاوی تفەنگ..
زبانی دەنگ،
هەڵبێننەوە ..
شاری گریاو..
ژیرکەنەوە..
باڵ بە کۆتری سەربڕاو،
بگرنەوە..
لە سەنگەرا..
لە سروودی تەواو نەبوونی جەنگاوەرا..
داستانی تەمەنی ئاشتی،
ئاشتی ڕاستی..
بنووسنەوە.

* ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣) ١٩٧١.

## سەرەتای داستانێکی ونبوو

دەمێکە پرچی زەردی تیشکی خۆر،
بۆ بووکی ناسۆر
ئەهۆنینەوە.
لە خەرمانەی مانگ،
لە چرپە و لە بانگ،
لە لێڵیی گۆمی چاوی بێ برژانگ.
وردە زەرکەفتی وشەی جۆراوجۆر،
لە سوور هەتا مۆر
خڕ ئەکەینەوە.
لە چاوی ماتی
گەڵاڕێزانی پایزی زەردا،
گوڵی ئاواتی،
نەزۆك ئەنێژین.
لەناو دێراوی زووخاو و دەردا،
تۆوی پووچەڵی خۆزگە ئەڕێژین.
کلاَفەی کلووی

بۆ سووتان تینووی،
بەفری ئازاری بیرتەزینی سڕ
بەمەکۆی خەیاڵ
خەیاڵێکی تاڵ،
ئەکەینە شارا و دەستەنەی ئاگر.

* * *

دەمێکە ڕۆنی
سەرتوێژی وێنەی بێ ڕەنگ و بۆنی،
ناو داستانی کۆن ئەلێسینەوە.
خەم لە دەلاقەی زامی بەسوێدا
لە چاڵی چاوی پڕ خۆڵ و خوێدا
ئەتوێنینەوە.
دەنگ لە گەرداوی شەوی دووکەڵا
لەناو ئاوازی بێ پەل و چڵا
ئەپێچینەوە.
لە کۆی زووخاڵی دۆزەخی سووریی
هاوینی ڕەشا
گەردانەی تۆفی خەمی ناسۆری
ئەکەین بە سنگی هەتاوی گەشا.

* * *

دەمێکە نەڕەی کەللەسەری گۆڕ،
لەناو چیرۆکی
بێ ناوەرۆکی
بەبێ بارانی

مێژووی خەزانی
ژێر تیشکی کزی مەشخەڵی چاوشۆڕ،
ئەخوێنینەوە.
هەزار جەنگاوەر
گەشترین باوەڕ
بۆ یەك بەڵێنی درۆی خوێنەخۆر،
ئەگۆڕینەوە.
بەدەیان پەیکەر
شەهید و ڕابەر
بەفرمێسکی پڕ چڵپاوی ناتۆر،
ئەشۆرینەوە.

* * *

دەمێکە هەین و! بەڵام، هەر نەبووین
دەمێکە زیندووین، بەڵام هەر مردووین
دەمێکە بێخواین،
بێ بیر و بڕواین.
ڕێبواری ڕێگای بێ ناونیشانین
بێ گۆڕستانین
بێ کوردستانین
کوا ؟ کەی ئەبینە خاوەن گۆڕستان
خاوەنی کوردستان؟

---

* **ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٥٢) ١٩٧١.**

# خۆشەویستییەکی شێتانە

گیانە. نەمویست
بەم چەند دێڕە ..
لاڵ و کوێرە،
بڵێم : تۆم ویست
چونکە هەرچی . وزە و توانای
شیعرە هەمە.
هەڵیرێژم . بۆتی بڵێم
هێشتا کەمە.
ڕەنگە نەغمەی شیعروتن
تەواوببێ.
ساز و دەنگی پیاهەڵوتن
تەواو ببێ.
گوڵ هەڵوەرێ

هوزار بمرێ.
بەڵام هەتا ڕووی تەبیعەت
وا والابێ
هەرگیز. هەرگیز. جوانیی ئافرەت
تەواو نابێ.

* * *

وەك شاعیرێك . شیعرەکانم
هەر بەموڵکی خۆم نازانم
بەڵام، وەك دڵدارێك کە هەم
وا تێ ئەگەم:
هەر جوانیی ئافرەت پەرستم
هەر بۆ ئەویش: خۆشەویستم.

* * *

من ئەمەوێ. هەروەکو شێت
ڕێبگرم لێت..
هەرچیم بوێ
داوای کەم لێت.
من ئەمەوێ گوڵی ئاگر
لەجیاتی زێڕی سارد و سڕ
بکەم بە قژی ژاکاوتا
بە بەرۆکی وەك هەتاوتا

* * *

وەك ڕێبوارێ ..
بست بست دونیای جوانت پەی کەم
وەك باڵدارێ..

ئاسمانی پەنهانیت تەی کەم
وەکو شێتێ خۆشەویست بم.
وەکو شێتێ تۆ پەرست بم.

* ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٣) ١٩٧١.

# تیشکی چاو

که چاو هەڵدێ..
شەقامی شار . ئاوێنه بۆ نەوبووکی پەیام هەڵئەگرێ
مێژوو . بێشکەی کۆرپەی لەدایکبووی خۆری هاواری
ئاب . ڕائەژەنێ
(( سوار . سۆراخی کانیی گەرووی خۆشەویستی
ڕێگا ئەکا
ڕێگا . تارای گێژەڵووکەی ئاگر و خوێن
به باڵای کاروانی شنەی سەرەتای هەڵچوونا ئەکا))
که ژان ئەزێ ..
زەردەی هەنسکی چوار چرا . تاڤگەی بزه له ڕووباری
لێوی وشکا باڵ پێ ئەگرێ.
که مەزدەی ناو ئاوێستای بانگی مەهاباد هەڵئەواسرێ
ئاڵای پەلکەزێڕینەی شۆڕش له ئاسۆی پایتەختی

شەودا هەڵئەگرێ.
(( شەپۆلی کوللەی درەوی گوڵەگەنم . شەوبۆی
گۆرانی ئاو ئەدا
زامی ڕێگای سارێژ نەبووی یەك پرسیاری
(سمکۆ) و (قازی)ی . ئەسپی باوبۆرانی تیشکی چاوی
(بارزانی) تاو ئەدا)).
* نەم ناسیوی؟
- ڕێگام ..
ڕێبوارەکانم . ئەستێرەن
چیام ..
بنارەکانم . هەناسەی ناو سینەی گوڵاڵە سوورەن
* نەم ناسیوی؟
بەرەو کام قووڵایی سروەی سینە ئەڕۆی
لە ژێر کام تاڤگەی ئاگرا چاوی بەڵێنەکان ئەشۆی
- سەنگەرێکم ..
گوللەکانم . بارانی هەور و برووسکەن.
چەپەرێکم ..
باخەوانی گوڵاڵەکانم پێشمەرگەن
(( ڕێگاکانی زەنگ لەخەوا
مژدەی کاروانی شەفەقی: بەتەنیا ڕەنگیان ئەدا
بە تەنیا دەنگیان ئەدا
بەتەنیا ناوێکیان ئەدا))

**١٩٧٠**

*** لە ١٢/١٢/ ١٩٩٨دا، ئەم شیعرەم بەدەستتووس لە (مەحموود زامدار) وەرگرتووە.**

# تەمەنی دە ساڵەی دێڕێك

چەپڵە ڕێزان
نمەی چاوی ئاسمانێکی پڕ لە گریان
بەسەر یادی ڕاچەنینی شارەکەما
ئەبارێنن.
دروشمە بەخوێن تەڵخەکان
سەرەنێزەی مەدالیای بەهرەی تاوان
بە بەرۆکی قارەمانی مێژووەکەما
ئەچەقێنن.
سروودی سەروەختی زاری ڕیاکاران
وەکو سنگی زبری هەوری ڕەشی زستان
نیگای چاوی ئەستێرە لە وەرزی خەما
ئەپروێنن.
ڕۆژنامەکان
کامیرا چاوچنۆکەکان

میکرۆفۆنی وتاربێژە درۆزنەکان
هەموو ڕۆژێ . لە فەرهەنگی
ناو و دەنگی
دلێرانەی شۆڕشەکەما
باڵی وشە
زاری وتە
ئەقرتێنن.

* * *

وا دە ساڵە چاوی . هیوا
گڕ ئەڕێژێ
وا دە ساڵە . چەکی برِوا
تۆوی خۆزگە
لەناو زامی
سەنگەرەکانا ئەنێژێ.
وا دە ساڵە. گۆڕستانی سنگی کپمان
داستانی شەهید ئەنێژێ
هەتا ساوای سەر بێشکەشمان
ژەکی خەم و ژان ئەچێژێ.

* * *

خەونی شاری حوزەیرانمان
کەی کەژاوەی گڕو خوێنی بەڕێ ئەکرێ
جارێکی تر . شەهیدانمان
کەی پێ ئەگرێ
کفن ئەدڕێ
ڕائەپەڕێ؟

* * *

مناڵێکی لەدایکبووی قریشکەی قووڕگی خنکێنراو
لە پێشمەرگەیەکی پرسی
کەی هەنسکی،
دە ساڵەی دایکم بەر ئەگرێ؟

* * *

تفەنگ گریا:
(( وا دە ساڵە . خەرمانی خوێنمان شەن ئەکەن))
هەزاران چاوی زەنگ گریا:
(( وا دە ساڵە . کانیی وشەمان بۆگەن ئەکەن))

* * *

پێشمەرگەیەك لە شاعیرێکی نوێی پرسی
کەی شیعرێکم بۆ ئەنووسی
پشکۆی ئاگردانی زامم هەڵگیرسێنێ
لەشکری خەم بورووژێنێ؟

* * *

هاژەی یادی دە ساڵەی شاعیر . چرپانی!
جارێ . ئەمساڵ . هۆنراوەکانم ئەدڕێنم
چونکە زاری وشەکانی
بێ گوللەیە..
بێ گوللەیە.
چونکە سنگی دێڕەکانی
بێ نەڕەیە ..
بێ نرکەیە.

* * *

چاومان
چاومان، هەموو ڕۆژێ بەدوای ڕێگای ژانی
کوردستانی
لەتکراودا . هەنگاو ئەنێ
ناومان
هەموو رۆژێ لەسای شین و قوڕ پێوانی
هەتیوانی
بێ ناونیشانا . خۆی ئەڕنی.

* * *

دڵدارەکەم . دوای خوێندنەوەی . ئامۆژگاری
((سێبەری تەرمی مردووان بەخوێن بشۆن))
(( سەرهەڵگرن . بڕۆن. بڕۆن))

* * *

دڵدارەکەم . دوای خوێندنەوەی ئامۆژگاری
ڕێکخەری شار ..
وتی بۆ کوێ . سەر هەڵگرم؟
قووڕگی کام نەهەنگی تاری
دەریای شەوگار
بە سەوڵی پرچم هەڵبدڕم.

* * *

مەلا بانگان . هێشتا دووکەڵ
لە ئاسۆدا گرێی ئەدا داوی مەتەڵ
تارمایی شۆڕەسوارێکی بالاّ ئاگر.
لەناو دۆزەخی هەزاران پرسیاری کوێرا خۆڕاگر
شریخەی قامچی وەشانی

وەك گۆرانی
ئەیوت . سەرهەڵگرن. بڕۆن
جارێكی تر . سەنگەر بەخوێن . بەگڕ. بشۆن.

* ڕۆژنامەی هاوكاری، ژمارە (٤٠) ١٩٧١.

## تەمەنی خەم

ئەی گۆرانیی ژاکێنراوی،
سەر لێوی خەم!
یادگاری بێ هەتاوی،
مێژووی ماتەم !
ئەی سروەی بای کشوماتی،
بەهاری زیز ..
ئەی فرمێسکی بێ ئاواتی،
چاوی پایز.
نە شەو.
نە خەو.
نە دەریای بەرینی بێ بن
نە کێوی بەرزی کەش گەردن
یەك تۆز چییە نەیانتوانی
ژیلەی کپی ئاگردانی،
نهێنی بوونتان بماڵن
بە ئاگر بێ .

بە بەفر بێ.
ڕاتانماڵن .

*　*　*

تەمەنی خەم
وەك خۆر ئاسمانی ژین ئەبڕێ..
کەی ئەم بوو بەدووکەڵ و تەم،
ئەویش ئەمرێ!

*　*　*

یان ئەبێ خەم
تاسەر . سەرجەم،
کێوی قورسی سەر سنگمان بێ
ماکی وێڵیی ژیانمان بێ
یاخود ئەبێ.
بیر راپەڕێ،
خوێن گڕ بگرێ.
لە دۆزەخا
لە زەویی بیستەمین چەرخا
تۆفانێکی وەها هەڵسێ
نەك هەر زەوی ..
تا ئاسمانیش نەخەلەسێ!

---

*** ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣١) ١٩٧٠.**

## نەورۆز دێنم

- لە نەورۆزا . دێمەوە ناوتان!
( دەنگی بەسۆزی ئەم گۆرانییە دای لە شەقەی باڵ و بەرەو ئاسمانی بەرین کشا..)
- ئەڕۆم . بەدوای چاوی پڕ نێرگزی بەهاری نەورۆزا ئەگەڕێم!
(ڕێ بۆ بەهاری نەورۆز . تۆف و ڕەهێڵەی گڕو خوێنە.
ڕێ . هەنگاوە
هەنگاو . ناوە
ناو کاوەیە و
کاوەش دەنگی هاوارێکە لەدەفتەری سنگی قەڵای کوردستانمان نووسراوە ..).
- گڕ . گڕ دێنێ
خوێن . نێرگزی نەورۆزی نوێمان ئەڕوێنێ.
( پیرەمەگروون . گەردنی گوێژە ماچ ئەکات.
سەفین . شەهیدانی ڕێگای نەورۆزی بەڕێ ئەکات.
کاروان . بۆ ئاسۆی پڕ ئارامگای لەدایکبوونی نەورۆز

هەنـگاو ئەنـێ ..).
- شۆڕش ناوی نەورۆز ئەنێ .
( لەنـاو تابلـۆی هەڵواسـراوی سـەر سـنگی چیـای مەبەسـتەوە. منداڵێکـی لـە نـەورۆزدا لەدایکبـوو. داوای چەپکـێ نێرگـزی تەمـەن درێـژی کـرد.)
- نەورۆز . ناوی کاوە ئەنێ.
( دەشت . چاوەڕێی . باران و پەڵەی نێرگزە.)
- خوێن ..
نێرگزی نەورۆزی نوێمان ئەڕوێنێ ..
( باڵدار. دڵدار، بۆ شنەی نەورۆز ئەخوێنن.
شەقام و منداڵانی شار،
بە گوێی ڕێدا ئەچرپێنن.
ئەیانەوێ نەورۆز باڵ بێ..
نەورۆز عیشق بێ
نەورۆز بزە و پێکەنین بێ.)
- لە نەورۆزا باڵ ئەهێنم..
عیشق دێنم
چەپکە نێرگزێك ئەهێنم
گۆرانی بێ
تەمەنی ڕاستی شۆڕش بێ .
تەمەنی ڕاستی نەورۆز بێ.

---

*** ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٥٩) ١٩٧٣.**

# گۆرانی ڕێبوارێکی یاخی

ئەڕۆم . ئەڕۆم
سێبەری تەڵخی ناوی خۆم،
بەدرکەزیی ..
ڕەهێڵەیەکی بێ وەرزی
ونی بێ ناونیشانی،
نەنووسراوی ژیان ئەشۆم.
ئەسووتێنم،
ئەو وێنە بێ روخسارانەی..
لکاوی دیواری هۆشن.
ئەخنکێنم،
ئەو ئاوازە بێ دەنگانەی ..
بە چڵپاوی درۆ گۆشن.
ئەڕووخێنم.
تەلاری ئەو هۆنراوانەی..
ستوونێکی بەرز و بۆشن.

ئەتاسێنم،
ڕووالّەتی ئەو وتانەی ..
بۆ چلّکی دەست خۆفرۆشن.
بەبیری نوێ،
بە وتەی نوێ،
کرداری نوێ،
ئەکەومە ڕێ.
بۆ هەلّگرتنی تفەنگێ
بۆ هەلّگیرساندنی جەنگێ
جەنگێ . پیرۆز،
کێوی ستەم لەبن بێنێ
نەك نەورۆزێ . هەزار نەورۆز،
وە دەست بێنێ.

* ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٤١) ١٩٧٠.

## عیزەت . قودسی . خەیروڵڵا . خۆشناو

جارێکی تر . لەگەڵ نمەی
خوێنی زامی پڕ لە نەڕەی
پڕ لە تۆڵەی
گیانی خۆری حوزەیرانا
حوزەیرانی . کوردستانا
باڵای چوار شەهیدی نەمر
لە بیابانی چاومانا
لە ژانی دارستانمانا
لە ناخمانا ..
لە مێژووی پڕ گریانمانا
لە مەرگمانا ..
لە چەکی پێشمەرگەمانا
جارێکی تر..
گیانی چوار شەهیدی نەمر
وەکو ئاگر

گریان بەردایە بەهاری
هیوای خنکاوی سەر زاری
؟؟؟؟
هاوڕێکانم ..
ئەمسالْمان، ژانی سێدارە
نەك . هەر چوارە
بەڵکو فەرهەنگێکی گەورەی
پڕ لە وشەی
خنکاوی دیار و نادیارە
؟؟؟؟

* ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣٠) ١٩٧١.

# وەرزەکان

چوار وەرزی ساڵ
لە دامێنی ئاسمانی وڵاتی منا
لە چوارچێوەی بێ کۆتایی
تەمەنی ئاواتی منا،
بۆتە ئاوێنەی ئاوەژووی
مێژوویەکی ئێجگار جەنجاڵ.

## بەهار

بەهەرمان دێ و لەجیاتی نێرگزی دیاری
چۆڕاوگەی خوێن،
بەری دەرگای نەورۆز ئەگرێ.
لە یادی ناشتنی تەرمی دوێنێی پڕ لە نادیاری
لیستێکی تری قوربانی

لەبەردەم دەرکی سەرادا هەڵئەواسرێ.

## هاوین

هاوین دادێ و
خۆری چلە ئارەقەی گڕی لێ ئەتکێ.
لێوی کانیاوەکان چین چین
بە دیواری خۆی هەڵئەستێ.
لە جیاتی سروەی پڕ بزەی
سەرچاوەی زەڵم و بادینان و شەقڵاوە.
گاز و بۆمبا و فڕۆکەیە،
ڕەشماڵی مەرگی هەڵداوە.

## پایز

وا سەردەمی بەرەوچوونی سروشتی گەڵاڕێزانە
پەڵە چەواشەی ساڵێکی کەس نەزانە..
- با هەڵوەرێ
خونچەی چاوی کووچەکانی ئومێدی شار،
تازە. خۆزگەی عیشقی ئیمڕۆ
ناچێتەوە بەر هەوارگەی پار و پێرار.

## زستان

دیسان نۆرەی گەردەلوولی چەك لەشانی
خۆشەویستی هەڵچووی بەرەو ئەشکەوتە.
زستانە. شەوچەرەی هیوای
پێشمەرگەی ئەم کوردستانە لەتوپوتە،

بێدارییە و تێڕامانە لەیەکتری و نەنووستنە
بۆ وەرزی نوێ: ڕێگای بیر و چەکگرتنە.

**بەهاری ١٩٨٩**

---

*** ڕۆڤار، ژمارە (١٥) ٢٠٠١.**

# ناوەرۆك

ڕێگا دوورەکانی چاومان ........................................ ل ٤
قەڵەمکێشی جەلالی میرزا کەریم بە وشە ........................ ل ١٤
ڕوانینەکانی چاوی شەقام ........................................ ل ٢١
بڕوای شار ........................................................ ل ٢٧
ڕازێکی دەروون .................................................. ل ٣١
ڕازەکانی هەفتە ................................................. ل ٣٤
داستانی شار ..................................................... ل ٣٧
ڕێگا .............................................................. ل ٤٤
ڕۆژژمێر و ڕاپەڕین و خەمی بێ کۆتایی ........................ ل ٤٨
خوێننامەی دڵدارێکی تینوو ..................................... ل ٦٥
لە خولیای داستانی مەرگی زەردەشتدا ......................... ل ٧٢
بەشێکی تر لە گاتا ............................................. ل ٧٥
یاد و یاقووت و نەهەنگ ....................................... ل ٨١
پرسیار بۆ هاتنی گۆدۆ ......................................... ل ٨٥
ژانی ڕۆژانی هۆنراوە ........................................... ل ٨٩
سووتان لە ئاهەنگی ئاشتییا ................................... ل ٩٥
سەرەتای داستانێکی ونبوو ..................................... ل ٩٧
خۆشەویستییەکی شێتانە ......................................... ل ١٠٠
تیشکی چاو ....................................................... ل ١٠٣
تەمەنی دەساڵەی دێڕێك ........................................ ل ١١٠
تەمەنی خەم ...................................................... ل ١١٠
نەورۆز دێنم ...................................................... ل ١١٢
گۆرانی ڕێبوارێکی یاخی ......................................... ل ١١٤
عیزەت . قودسی . خەیرۆڵلا . خۆشناو ......................... ل ١١٦
وەرزەکان ......................................................... ل ١١٨